# ڕیالیتی پەروەردەی موزیک لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان

**ID No. 1108**

(PP 257 - 281)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpB.15**

**سازە حسین ڕەسوڵ**
بەشی موزیک،کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
saza.rasul@su.edu.krd

**علي نجم عبدالله**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
زانکۆی کەرکوک
ali.ziayyir@uobasrah.edu.iq

**هێمن محەمەد عبدالله**
بەشی موزیک،کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Hemnmohammedabdullah@gmail.com

**وەگـــــرتن : 2023/03/30**

**پەسندکردن: 2023/05/17**

**بڵاوکردنەوە: 2023/12/15**

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوە دۆزینەوەی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر  بە وجیاوازی بە گوێرەی باخچەی ( حکومی و ناحکومی ) و خزمەتی مامۆستا  ( 5 ساڵ کەمتر و زیاتر) ، سامپڵی توێژینەوە  ( 366 ) مامۆستا بوو ، پێوەری توێژینەوە ئامادەکرا لە (3 ) ڕەهەند و (44) برگە ، پاش بەدەستهێنانی (ڕاستگۆیی ڕواڵەتی - 0.96) ،  و (جێگیری چونیەکی 0.89 ) ،  پێوانەکە لەسەر سامپڵی کۆتایی جێبجێکرا ،و ئاماریەکانی توێژینەوە بە ( spss) ئەنجامدرا و ئەنجامەکان دەریانخست ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر پەسەند نیە ،وئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لای مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ناحکومی  ( پەسەندترە ) وەک لای مامۆستایانی حکومی . هەروەها مامۆستایانی خاوەن خزمەتی ( 5 ساڵ زیاتر ) ڕیالیەتی – واقعی پەروەردەی موزیکی کەمتر پەسەندەکەن بە بەراوورد بە مامۆستایانی خاوەن خزمەتی( 5 ساڵ کەمتر) . و لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکە توێژەران چەند ڕاسپاردەو پێشنیارییان  پێشکەش کرد.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕیالیتی ، پەروەردەی موزیکی ، مامۆستایانی باخچەی ساوایان

## 1- ناساندنی توێژینەوە :

### ١-١ - گرفتی توێژینەوە :

لەگەڵ گەشەسەندن و برەوسەندنی ئاراستەکان و بۆچوونەکان سەبارەت بە پەروەردەی موزیک  بۆ بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی دەسکەوتی پەروەردەیی، پەروەردەی هونەری موزیک، لەلایەن مامۆستایانی باخچەی ساوایان تاوەکو ئێستاش زۆر گرفتی هەیە وەک، هەروەها نەگونجانی هەیکەلی کارگێری باخچەی ساوایان . ونەبوونی ڕۆشەنبیریەکی پەروەردەیی و موزیکی گونجاو و ڕەتکردنەوەی هەموو نوێکاریەک لە چالاکی موزیکی وکەمی دەستپێشخەری داهێنان لەلایەن هەندێک لە کارگێری باخچەی ساوایان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کە لەوەیە دەبێتە پشتگوێ خستنی وانەی پەروەردەی موزیک، ئەمەش وادەکات مامۆستاکە هیچ توانایەکی ئەوتۆیان نەبێت لە بواری پێشوەچوونی بیری و کرداریدا لە پەروەردەی موزیکی هەروەها دامەزراوە جیاوازەکان ڕووبەڕووی زۆریک لە بەربەست دەبنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگری کارکردن و گەشەکردنیان، بۆیە پێویستە مامۆستای پەروەردەی موزیک کە ئەمر لاساییکردنەوە جێبهێڵین و دەست بەرداربین، وە خۆیان بگونجێنن لە گەڵ ئەمر پێشوەچونانەی کە ڕۆژانە دێنە ئارا، تاوەک بەرەو پێشوە چوون بەخۆیان و کۆمەڵگا بگەیەنن، و ڕێوشوێنی داهێنەرانە و بەهرەمەندانە لە بابەتی پەروەردەیی موزیکی پیادە بکەن (فودة، 2021، ١٤٥) .

و لەبەر کۆمەڵێ گرفت کە لە ناوەندەکانی خوێندن هەن  لە وانەی پەروەردەی موزیکی بەتایبەتیش لە قۆناغی باخچەی ساوایان  ، و لەژێر ڕۆشنای ئەمر گرفتانە ، دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لە شێوەی ئەمر پرسیارانە بخەینە ڕوو.

- ئایا واقیع و ڕیالیتی پەروەردەیی موزیکی لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەچ ئاستیکدایە ؟

سەرەڕای ئەوەش ساڵانە چەندین مامۆستای پسپۆڕ لە بابەتی موزیکی پێدەگەیەندرێن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و کۆلێژی هونەرە جوانەکان، ولە قۆناغی بنەڕەتی وئامادەیی وانەی موزیکی دەڵێنەوە، لە هەمان کاتیشدا پسپۆڕیەکەیان گشتیە لە بابەتی

پەروەردەی موزیک واتا قوڵ بونەوەی ئەوتۆیان نیە لە وانەی موزیکی تایبەت بە باخچەی ساوایان . هەروەها دەرچوانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بەشی باخچەی ساوایان تەنها یەک کۆرسی خوێندن لە بابەتی پەروەردەی موزیکیدا دەخوێنن ئەمەش ناتوانن پسپۆڕی وشارەزایی ئەوتۆ لە بابەتی پەروەردەی موزیکی بۆ ئەم قوناغە فەراهەم بکەن.

- هەروەها نەبوونی ژینگەیەکی باش لە باخچەی ساوایان لەڕووی ژووری تایبەتبە وانەی پەروەردەی موزیک . و کەمی و نەبوونی ئامێری موزیکی، تایبەت بە منداڵان لە باخچەی ساوایان . لەکاتێکدا بوونی ئەم ئامێرانە گرنگ و گونجاون بۆ وانەکە تەمەنی قوتابیانی باخچەی ساوایان ، وەک ئامێری ( پیانۆ).

- لە لایەکی ترەوە کەمی بەرنامە و پرۆگرامی پێشنیار کراوی پەروەردەی موزیکی، بۆ گەشەو پەرەپێدانی هەندێک کارامەی موزیکی لە ژێر رۆشنای ڕینمایی وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وە ئەم پرۆگرامانەی کە بەکاری دەهێنن تەنها گرنگیی بە لایەنی تیۆری دەدات واتا لایەنی پراکتیکی گرنگیی پێ نادرێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی لایەنی (ژەنین، پەروەردەی دەنگی، چێژی موزیکی و گوێگرتن، ناسینەوەی ئامێرەکان.

- هەروەها جیاوازی لە بابەت و پرۆگرام لە وانەی پەروەردەی موزیک لە نێوان باخچەکاندا، هەروەها نە گونجانی کات بۆ وانەی پەروەردەی موزیک لە خشتەی دابەشکردنی وانەکان لە باخچەی ساوایان ، جگە لەمەش فێرکردنی کۆمەڵێک سرود گۆرانی و موزیکی نەگونجاو بۆ قوتابیانی باخچەی ساوایان .

- هەروەک گرفتی زۆری ژمارەی قوتابیان لە نێو پۆلەکانی خوێندندا لە باخچەکانی ساوایان بەتایبەت باخچەی ساوایانی حکومی و پەسەند نەکردنی وانەی پەروەردەی موزیک لای بەشێک لە دایک و باوکان ، دەرفەت نارخسێنن بۆ منداڵەکانیان تاوەک فێری موزیک بن و کەمی هەوڵەکانی توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی باخچەی ساوایان دەبێتەوە .

لەکۆتایی کێشەی توێژینەوەکە توێژەران ئەم پرسیارە دەخەنە ڕوو:

ئایا ئاستی ڕیالیتی پەروەردەی موزیک لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵان چەندە ؟

**١ – ٢ - گرنگی توێژینەوە :**

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریش نیچە دەڵێت "ژیان بەبێ موزیک هەڵەیەکی کوشندەیە" (ئەحمەد، ٢٠١١، ٧٣ ) .جیهانی ئەمڕۆ زنجیرەیەک لە گۆڕانکاری پێشکەوتنی معریفی و تەکنەلۆژی سەردەمیانە بەخۆیەوە دەبینێت، لەسەردەمی جیهانگیری کە پێشکەوتنی مەزنی لەگەڵ خۆیدا هێنا، تەنانەت هەمووشتێک مایەی ئەوەیە کە گۆڕانکاری خێرا بەسەردابێت، جا چ لەڕووی فکری یاخود ڕەفتار و کارکردنبێت، پێشوەچونی لایەنی پەروەردەی موزیکیش ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەلایەنەکانی چالاکی مرۆڤ.هەربۆیە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان کاردەکەن بەهەموو تواناکانیان بۆ پەرەپێدانی توانستەکانی مرۆڤ بە ئامانجی ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن داهێنانی گەورە بکەن، بۆ پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵگا،چونکە مرۆڤ سامانی ڕاستەقینەی ئەم سەردەمەیە وە لێکۆڵینەوە و ڕاهێنانیشی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زیاتر ( فودة، ٢٠٢١، ١٤١ ) .

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ گرنگیی دانە بە پەروەردەی موزیکە لە باخچەی ساوایان وە دەستگەیشتن بەو ئەنجامانەی کە خزمەتی بابەتی پەروەردەی موزیکی دەکەن، باتایبەتیش لە قۆناغی باخچەی ساوایان ، لێرەش دا گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تیشک دەخاتە سەر واقیعی ئیستای پەروەردەی موزیک و رۆڵی پەروەردەی موزیک و کاریگەریکەی لە گەشە کردنی تواناکانی ساوایاندا، لە ڕووی مەعریفی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و لەم گرنگییەدا دەتوانین پەروەردەی موزیک بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ساوایان بەکار بهێنین لە لایەنی دەروونی، کۆمەڵایەتی و جەستەیی، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا. بەمەش دەبێ لە باخچەی ساوایان گرنگیی ئەو تۆ بە بابەتی پەروەردەی موزیک بدرێت، لە لایەن مامۆستایان، پەروەردەی موزیک لەگەل هەموو بابەتەکان ئاوێتە بکرێت. لە کۆتایشدا دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دا بخەینە ڕوو:

- هەوڵێکە بۆ دەست نیشان کردنی واقیعی پەروەردەی موزیک لەناو باخچەکانی ساوایان .

- هەوڵێکە بۆ پێشنیار کردنی و ئامادەکردنی پرۆگرامێکی موزیکی تایبەت بە قۆناغی باخچەی ساوایان .

- قوڵبوونەوەی زیاتر بە پەروەردەی موزیکی بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان لە لایەن پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زیادکردنی یەکەی وانەی پەروەردەی موزیکی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە بەشی باخچەی ساوایان .

- بەشێکی زۆر لە مامۆستاینی باخچەی ساوایان پسپۆری باخچە نین وە دەرچووی بەشی باخچەی ساوایان وکۆلێژی هونەرە جوانەکان نین تاڕادەیەک لە وتنەوەی بابەتی پەروەردەی موزیک گرفتیان دێتە بەردەم بۆیە لەم توێژینەوە لە زۆر لایەن ئاماژە بە موزیک وگۆرانی شێوازی وانە وتنەوەی ئەم بابەتە کراوە دەکرێت سودێک بێت بۆ ئەم مامۆستایانە.

- تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە بابەتی پەروەردەی موزیک کاریگەری ئەوتۆی هەیە لە گەشە کردنی تواناکانی منداڵاندان، لە ڕووی مەعریفی جەستەیی کۆمەڵایەتی، دەتواندرێت لەڕێگەی موزیکەوە باشتر بابەتەکانی تری خوێندن بگەیێنن بە قوتابیان.

**١ – ٣ - ئامانجەکانی توێژینەوە :**

ئامانجی توێژینەوەیە بریتیە لە :

١- دۆزینەوەی ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر

٢- دۆزینەوەی ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە گوێرەی جیاوازی :

أـ جۆری باخچە ( حکومی و ناحکومی ) .

ب ـ ساڵانی خزمەتی مامۆستا ( 5 ساڵ و کەمتر – 5 ساڵ زیاتر) .

**١ – ٤ - سنووری توێژینەوە :**

أ – سنوری بابەتی: ڕیالیتی پەروەردەی موزیک

ب – سنوری مرۆڤایەتی : مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ناوەندی پارێزگای هەولێر

ج – سنوری کاتی : ساڵی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).

د – سنوری جوگرافی : باخچەکانی (حکومی، ناحکومی) بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر .

**١ – ٥ - زاراوەکانی توێژینەوە :**

**یەکەم : ڕیالیتی (واقع - Reality) :**

ـ پێناسەی (الخروبي ، 2003 ) : سەرچاوەی هەموو ڕاستیەکانی ئەم جیهانەیە کە مرۆڤ تیایدا گوزەر دەکات ، هۆکارەکانی لە هەست و ئیلهامەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵکو لەو ژینگەیە هاتوون کە ئێمە تێایدا دەژین (دنیای واقیع) واتە دنیای ئەزموونی ڕۆژانە، بۆیە پرۆسەی پەروەردەیی لەهەرکاتێکدا ئەنجام بدرێت، دەبێت ڕوانێنێکی ڕیالیتی لە روانگەی مامۆستاوە بۆ ئەنجام بدرێت چونکە مامۆستا سەرچاوەیەکە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری (الخروبي ، 2003 ، ص 5 ) .

ـ پێناسەی ( غیثان ،2019) : ئەبستراکێکە کە لەو ڕێگەیەوە بوونی ڕاستی و کاریگەری ئۆبجێکتەکان دیاری دەکرێت. ووشەکە بەم شێوەیە، لە ڕیالیزمی لاتینیەوە هاتووە، کە بە نۆرەی خۆی لە ڕاستیەوە وەرگیراوە، واتە (شت، بوون، لەئارا دابوون) بەم مانایەش وشەی ڕیالیتی وەک هاوتای ڕاستی بەکاردێت، بۆ دانانی ئەوەی ڕوودەدات یان لە ڕاستیدا هەیە (غیثان ،2019 ، ص 427 ) .

**دووەم : پەروەردە :**

ـ پێناسەی بستالۆتزی لە (قدوري ، 1987 ) : پرۆسەیەکی گەشەسەندنی سروشتیە ، کۆکە لەگەڵ هەموو توانای منداڵەکان وەک هێزی جەستەیی و هزری و ڕەوشتی (قدوري ، 1987 ، ص 54 ) .

ـ پێناسەی الطهطاوي لە ( النجار ، 1987 ) : هۆکاریکە بۆ دەسبەسەر داگرتن و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ، کە ئامادەی دەکات بۆ کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێک بەرهەمی دەهێنێت ( النجار ، 1987 ، ص 82 ) .

ـ پێناسەی ئەفلاتۆن لە ( کاکەوەیس ، 2008 ) : ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگە بەگوێرەی توانا ئامادە کاری خۆیان، کاریان پێ بسپێردرێت، هەرکەسێک دەتوانێت بە ڕادەیەکی زۆر بەرز، بۆ کۆمەڵگا سود بەخشێت. بەو پێیە کۆمەڵگا ناتوانێت بەبی فێرکردن و پەروەردەیەکی دروست بەردەوام بێت و ڕابوەستێت (کاکەوەیس ، 2008 ، لا 54 ) .

ـ پێناسەی ( ئەنوەر ، 2017 ) : چەمکێکی فرە ڕەهەندە کە زۆرێک لە ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە جیاوازەکانی ئێستا و داهاتوو. سیستەمی پەروەردەی کارا هۆکاری هاوبەشی

سەرکەوتنی هەموو کۆمەڵگە جیاوازە پەرەسەندووەکانە، کە بەرهەمی سەرەکییان، هێزی مرۆیی بەرپرس و زانا و وەبەرهێنەرە( ئەنوەر ، 2017 ، لا 86 ) .

**سێیەم : موزیک :**

ـ پێناسەی (ئاشتی ، 2015 ) : زانستە، زمانە، هونەرە. موزیک وەک پێویستی فیزیکی، هۆش، هەستەکان و لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری پەروەردەیی لە ژیانی مرۆڤدا گرنگییەکی زۆری هەیە ، موزیک پەیوەندییەکی زیندوو و ڕاستەوخۆی بە مێشکی مرۆڤەوە هەیە (ئاشتی ، 2015 ، لا 110 ) .

ـ پێناسەی (ئازید ، 2016 ) : هونەرێکە لە هونەرە جوانەکان، جیاوازە لە هونەرەکانی دیکە لە بەر ئەوەی نابیندرێت بەڵکو دەبیسترێت. موزیک زمانێکی گشتی جیهانیە. موزیک زانستێکە وەک هەر زانستێکی دیکەی سەر زەمین، بەڵکو موزیک جوانترین هەستی دەربڕینی مرۆڤە، نە موزیک بەبێ بونی مرۆڤ بونی هەیە و نە مرۆڤیش بەبێ موزیک دەژی (ئازید ، 2016 ، لا 27 ) .

**چوارەم : پەروەردەی موزیک :**

ـ پێناسەی (سلێمان، 1982) :فەرمانێکە بەرەو خود یان ئەوانی تر، کار دەکات بۆ ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بەرەو چێژی هونەری و مەعریفەی موزیکی گشتی بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ و بەمەبەست یان ناڕاستەوخۆ و بێ مەبەست (سلێمان ، 1982 ، 65 ) .

ـ پێناسەی (العمري، 2011) :هونەری ڕێکخستنی دەنگە موزیکیەکانە وپردێکی پەیوەندی بەهێزە لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان کە زووتر هەست بە بەهرەو زیرەکی قوتابیان دەکرێت ( العمري ، 2011 ، 11 ) .

**پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ ڕیالیتی پەروەردەی موزیک :**

بەسوود وەرگرتن لە کورتەی چەمک و مانای پێناسەنکانی پێشووتر ، توێژەر **پەروەردەی** موزیک دەناسێنیت بەوەی : هەموو وردەکاری تایبەت بە توانا وچالاکی و ئەدائی مامۆستایە لەچوارچێوەی بڕیاردراوەکانی ماددەی پەرورەدەی موزیک (هونەر ) ، وەک ژمارەی وانە و پەیڕەوەپرۆگرام و چالاکی ناو پۆل و هەموو کێشەکانی تایبەت بە پەروەردەی موزیک.

**پێناسەی پراکتیتکی توێژەر بۆ ڕیالیتی پەروەردەی موزیک :**

ئەو نمرەیە کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر بەدەستی دەهێنن لە وەڵامدانەوەی ڕاپرسی توێژینەوە .

**پێنجەم : مامۆستا :**

ـ پێناسەی (قەرەچەتانی ، 2014 ) : بڕبڕەی پشتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە، ئەرکی مامۆستای باخچەی ساوایان زۆر گرینگ و بەبایەخە ، لە بەرئەوەی لەگەڵ قۆناغێکی زۆر ناسک و هەستیار مامەڵە دەکات وە بنەماکانی سەرکەوتن لە ناخی منداڵدا بونیاد دەنێت (قەرەچەتانی ، 2014 ، لا 30 ) .

**شەشەم : باخچەی ساوایان:**

ـ پێناسەی (محمەد ، 2013 ) : دەزگایەکی پەروەردەییە، کەتایبەتکراوە بۆ پەروەردە کردنی ئەومنداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان ( 3 ــ 6) ساڵیدایە و چەندین چالاکی جۆراو جۆری تێدایە کە ئامانجیان ئەوەیە کە منداڵان فێری بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان بکەن و دەرفەتی خۆدەربڕینیان بۆ برەخسێنین و مەشقیان لە سەر چۆنیەتی ژیان و کارلێکردن پێ بکەن(محمەد ، 2013 ، لا 8 ) .

ـ پێناسەی (عوسمان ، 2016 ) : دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەت بەمنداڵانی قۆناغی تەمەنی دوای دایەنگە وە پێش چونە خوێندنی سەرەتاییە، و ملکەچە بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هونەری لە دەسەڵاتی پەروەردەیی فەرمی دایە، تیایدا منداڵ ڕادەهێندرێت بۆ چونە دەرەوە لە سنوری خێزان بۆ کۆمەڵگای خوێندنگەو هاوپۆل و هاوڕێ، ومنداڵ فێری بنەماکانی خوێندن و نوسین دەکرێن (عوسمان ، 2016 ، لا 7 ) .

ـ پێناسەی (ڕەشید ، 2018 ) : دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیە بۆ منداڵان دەکرێتەوە، پێش پەیوەندی کردنیان بە قوتابخانە، منداڵانی بەتوانا، ئاست بەرز، ئامادە باشی و پێداویستی جیاواز وەردەگرێت و جەخت دەکاتە سەر فێربوون لە ڕێگەی یارییەوە . فێرکردن لە باخچەی ساوایان قۆناغێکی گرینگ و پێویستە، بۆ دانانی بناغەی فێربوون بەدرێژایی ژیان، هەروەها خاڵی دەستپێکی فێرکردنی فەرمیە (ڕەشید ، 2018 ، لا 5 ) .

**حەفتەم : مامۆستای باخچەی ساوایان :**

ـ پێناسەی (حەمە بابان ، 2021 ) : کەسێکی زۆر کاریگەرە لەسەر دروستکردنی کەسایەتی منداڵ، دەبێت ئامادە و ڕاهێندراوبێت، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵدا بەباشی، سەرکەوتنی باخچەی ساوایان پشت بە مامۆستا دەبەستێت (حەمە بابان ، 2021 ، لا 127 ) .

**٢- چوارچێوەی تێۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢ - ١ چوارچێوەی تیۆری :**

**٢ - ١ - ١ - چەمکی پەروەردەی موزیک و موزیک:**

موزیک زمانی خۆزگە و هەستە مرۆییەکانە و هەر گەلێک لە بواری کلتوری و فەرهەنگی خۆیدا موزیکی تایبەتی خۆی هەیە. سوود وەرگرتنی مرۆڤ لە موزیک بە ئاسان بووە، چونکە ڕیتم و ئاواز وەک دوو پایەی سەرەکی موزیک، لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەبووە ( سلیمان ، 1982 ، لا 87 ) .

ئەم بوونەش پێویستی بە پەروەردە کردنە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی ، پرۆسەی پەروەردەکردنەکەشی لەناوەندکانی خوێندنی وەک باخچەی ساوایان ، قوتابخانە و پەیمانگاو کۆلێژەکاندا ئەنجامدەدرێت بۆ فێرکردنی مۆسیقای تیۆری و پراکتیکی و ڕەنگدانەوەی کاریگەری بابەتی پەروەردەی موزیکیش لەسەر هەڵسوکەوتەکانیان دەردەکەوێت لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە ( الزعبي ، 2013 ، لا 497 ) .

بە گشتی پەروەردە سود لە جۆرەها بیردۆز دەبینیت، کە لەلایەن زانستیە فەلسەفیە کۆمەڵایەتەکان داهێندراون. بۆ لێکدانەوەی دیاردە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتارەکانی مرۆڤ. بەڵام موزیک بەتایبەتی لە زۆربەی زانکۆکانی دنیا لە خانەی پەروەردە هەژمار دەکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین موزیک جۆرێکە لە پەروەردە. لە کۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکان وتەیان هەبووە دەربارەی موزیک وە هەموشیان کۆکن لەسەر گرنگیی موزیک لە ژیانی مرۆڤدا، کاریگەریەکان لە سەر پەروەردە لێکتێگەیشتنی مرۆڤە کە بەشێوەیەک کە هەندێکیان دەستەواژەی (پەروەردەی جوانی (ستاتیکا) لە شوێنی دەستەواژەی (پەروەردی موزیکی) بەکار دەهێنن. کەواتا دەتوانین بڵێین منداڵیکی پەروەردە کراو بە پەروردەی موزیکی دروست، گەورەیەکی تەندروستە لە بیرو ڕەوشت و بەها مرۆڤایەتیەکان بەرهەم دەهێنێت. لە یۆنانی کۆندا بەرادەیەک موزیک گرینگ بووە لە پەروەردەدا کە فەیلەسوفێکی وەک (ئەفلاتون) دەڵێت: " لێمگەرێ با گۆرانیەکانی گەل دروست بکەم، بۆم گرینگ نیە کێ دەستوریان بۆ دروست دەکات" . یۆنانەکان پەروەردکردنی منداڵەکانیان دابەش کردبوو بەسەر سێ لایەن کە بریتی بوو لە پەروەردی جەستەیی کە پێیان وابو وەرزش پەروەردەی دەکات، پەروەردەی ڕۆح و ویژدان موزیک دەیکات، هەروەها پەروەردەی عقڵ ماتماتیک وفیزیا و فەلەکناسی دەیکات. بە سەرنجدان لە مێژووی پەروەردە لەشارستانیەتە کۆنەکانی جیهان کە لە دوای سەردەمی یۆنانەکاندا هاتوون، وەک شارستانیەتی ڕۆمانی و دوای ئەوان شارستانیەتی ئەورپی لە سەدەکانی ناوەراست کەلە کڵێسا لەو سەردەمەدا تەواو باڵا دەست بوو، تا دەگەینە سەدەی هەژدەهەم، دەبینین لەهەموو قۆناغەکاندا پەروەردەی موزیک وەک زانستیکی سەرەکی هەژمار کراوە، خویندنی موزیک سەپێنراوە بەسەر قوتابخانەکان و خوێندنگاکانیان کە ئەمەش ئاماژەیەکی ترە بۆ گرنگیی موزیک لە پەروەردەدا. لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا پەروەردە کاران کۆمەڵێک بیردۆزی یارمەتیدەریان بۆ فێرکردن دروستکرد، کە موزیک تێیاندا گرنگییەکی زۆری پێداوە. لەم پەروەردەکارانە نمونەی (بیستالۆتیزی، جاک دالکرۆس، جان جاکڕۆسۆ، زۆلتان کۆدالی، فرۆبڵ، ماریا مینتیسیۆری، کارڵ ئۆرف، هاروت گارنەر) و چەندانی دیکە (أبودربالة ، 2020 ، ص 285 ) .

بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان پەروەردەی موزیک ڕۆڵێکی گرنگیی هەبووە لە یۆنانی کۆن دابەو پێیەی کە منداڵە یۆنانیەکان زۆربەی ڕۆژەکانیان خەریکی ئەزبەر کردن هۆنراوەکان بوون لە ڕێگەی ئاوازە موزیکیەکان لە گەڵ ئامێری چنگ (هارب، القسارە). لە قوتابخانەی ڕۆمانیەکاندا موزیک شان بەشانی وانەکانی تر دەخوێندراو گرنگیی هەبوو، بابەتەکانی ئەوسای قوتابخانەکان بریتیبوون لە (ڕەوانبیژی، ڕێزمان، ژیریێژی، ژمێریاری، موزیک، ئەندازە، گەردوناسی) ئەو ڕۆڵەی کە موزیک دەیگێڕا نزیکتربوو لە وانەی بیرکاریەوە ( صبري ، 1988 ، ص 3 ) .

**٢ - ١ -٢ - تێڕوانینی فەیلەسوف و زاناکان بۆ پەروەردەی موزیک:**

**أ- تێڕوانینی ئەفلاتوون بۆ پەروەردەی موزیک:**

ئەفلاتوون گەلیک گۆڕانکاری خستەناو پەروەردەی ئەسینایەکانەوە هەندێک شتی بۆ زیاد کردوو هەندێکی تر بۆ هێشتەوە. ئەفلاتوون وای پێ پەسند بوو منداڵ تا تەمانی حەوت ساڵی لە ماڵەوەبێ، دوای ئەم حەوت ساڵە ڕەوانەی قوتابخانە بکرێت فێری (نوسین، موزیک، وەرزش، زۆڕانبازی) بکرێت. مەبەست لە وەرزش ئەوەبوو کە جەستەی بەهێزبێت، وە فێربوونی موزیک و

سرودیش ببێتە تاودانی هەستەکانی وە ڕاهاتبێ لە سەر هەستی ناسکی. ئەفلاتوون پەروەردەی ئەسپارتیەکانی بەلاوە پەسند بوو بەڵام چاکسازیەکی لە باری پەروەردەی موزیکەوە کرد، مەرجی بۆ پرۆگرامەکان ئەوەبوو کە نەبنە هۆی ترس چاندنی هەستی ترس و تۆقین لە مەرگ، بەڵکو موزیک بۆ ناسک کردنوو بلوری کردنی هەست و ویژدانی قوتابیەکان موزیک و سرودی ئاسانی دانا، کەچی لای ئەسپارتیەکان مە بەست لە موزیک و سروود فێربووندا هەڵنانی سۆزی عاتیفە گەڕان بوو بۆ جەنگ و غەڵبە. ئەفلاتوون لای وابوو کە موزیک ڕۆح پەروەردە دەکات و وەرزشیش جەستە ( هەورامی ، 2008 ، لا 193 ) .

**ب- تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ پەروەردەی موزیکی:**

فەیلەسوفی یۆنانی ئەڕستۆ دەربارەی پەروەردەی منداڵ لای وابوو منداڵ لە لەدایکبوونیانەوە تا ساڵی حەوتەمی تەمانیانەوە دەکەوێتە سەرشانی دایک و باوکان دەوڵەت حەقی بەسەریانەوە نیە. دەشێ دایک باوکان لە سەر پەروەردەی باش پەروەردەیان بکەن بە بابەتی هونەری و ئەدەبی و **پەروەردەی** موزیکی ڕایان بهێنن. لای وابوو دوای تەمەنی حەوت ساڵی پەروەردەی منداڵ دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت. دەشێ دەوڵەتیش منداڵان وەک یەک پەروەردە بکات، دەشێ دەوڵەت بایەخ وسەرنجی پەروەردەی منداڵاکان بەرەو ڕەوشت باشی ببات کەدەبێت فێری موزیک و گۆرانی پەروەردەیان بکات، تابلۆی جوانیان نیشان بدات ئەمەش لە ڕێگەی کەسانی بەرز ڕەفتار ئەنجام بدرێت( هەورامی ، 2008 ، لا 194 ) .

**ج- تێڕوانینی بستالۆتزی لە پەروەردەی موزیک :**

- دەبێ پەروەردەی موزیک لەقۆناغی لەدایک بونەوە دەست پێبکات.
- دەبێ گۆرانی وتن چێژ بە منداڵ ببەخشیت.
- منداڵەکان دەبێ بەبەردەوام گۆرانی بڵێن.
- پێویستە منداڵەکان فێری نوسینەوەی گۆرانیەکانیان ببن.
- منداڵەکان فێری هونەری گوێ گرتن بکرین وە دووبارە ئاوازەکان بچرنەوە تا فۆرمە موزیکیەکان بناسنەوە.
- دەبێ لەسەرەتا بەگۆرانی سادەو ساکار دەست پێبکەین و گۆرانیەکانیش پەروەردەیی بن(أبودربالة ، 2020 ، ص 298 ) .

**د - تێڕوانینی کودای بۆ وانەی پەروەدەی موزیک لە باخچەی ساوایان :**

موزیکسیانی هەنگاری زولتان کودای، گرینگی بەزۆر لایەنی **پەروەدەی** موزیکی داوە لە نێو ئەمانەشدا لە بواری پەروەدەی موزیکی بەتایبەت بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتایی، کارو پرۆگرامی بەپێزی لە بارەی بێداگۆجی و شێوازی وانە وتنەوە **پەروەدەی موزیک**دا ئامادەکردوە، ئەوەی جێگای باسە تاوەک ئێستاش ئەو شێواز و پرۆگرامە لە باخچەی ساوایانی عێراق، ئوردن، مسر، سورریا، ناوچەی کەنداوی عەرەبی، دەخوێندرێت و کارپێدەکرێت هەمان ئەو پرۆگرامەیە کە کودای ئامادەیکردبوو بۆ وڵاتی هەنگاریا ( إبراهيم ، 2017 ، ص 68 ) .

کودای پێیوایە بەشداریکردنی منداڵان لە وانەی پەروەردەی موزیکی یارمەتی دەرە بۆ کردنەوەی میشکی منداڵ لە بواری تر جیا لە موزیک. چونکە پەروەردەی موزیک تەنها بۆ فێربوونی موزیک نیە بەڵکو لە بوارەکانی تریش سوودی لێوەدەبیندرێت، کە بەشێوەیەک یارمەتی دەرە بۆ بەهێزکردنی جەستە و مێشکی منداڵ، وا لە منداڵ دەکات کە هەمیشە بەشێوەیەکی پڕ چالاکی بژیت لە هەموو بوارەکانی تری ژیان. و بەڕای کودا پەروەردەی موزیک مرۆڤێکی تەندروست و بەسود پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات، ئەو مرۆڤە گرینگترە لە کەسانەی کە وانەی پەروەدەی موزیکیان نەخوێندوە. لەم چەند دەیەی کۆتایی زۆر توێژینەوەی کران دەربارەی کاریگەری پەروەردەی موزیک بۆ بەهیزکردنی میشکی منداڵان، دەرئەنجامەکانی زۆربەی توێژینەوەکان، ئەم بۆچونەوەی کودایان پشتراستکردەوە کە کودای لەپیشتر باسی لێوەکردبوو. لیکۆڵینەوەی دۆن کامل ( D. Campbell ) بۆکاریگەری موزیکی مۆتزارت Motzart ئەمەی دەرخست ئەو منداڵانەی کە گوێبیست و فێری موزیکی مۆتزارت دەبن پێشکەوتنێکی زۆر پێیانەوە دەبیندرێت لە فراوانکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، وەڵامدانەوە سۆزداریەکان خێراتر دەکات ڕوانگەیەکی زۆر ئەرێنیان دەبێت بۆ ئەو ژینگەیەی کە دەوریان داوە، چونکە موزیک پاڵنەرێکە بۆ جوڵە، توانایگوفتاری، بیرکردنەوەی ماتماتیک، بەهێزکردنی یادگە،

کەسایەتیەکی بەهێز بە منداڵ دەبەخشێت. کودای لە وتارێکدا بەناوی (childrens cnoruses) جەخت لە سەر فێربوونی موزیک دەکاتەوە لە بواری پەروەردە بۆ نمونە لە هەرە خاڵە گرنگەکانی ئەم وتارەدا ئەمانەن :

- پێویستە **پەروەدەی موزیک** موزیک لە قۆناغی باخچەی ساوایان بخوێندرێت، لە هەموو قۆناغەکاندا بەرداوام بێت چونکە **پەروەدەی** موزیک لەهەر ئان و ساتێکبێت گرنگیی و کاریگەری هەیە لەسەر تاکەکان.

- گرنگ ترین کات بۆ **پەروەدەی موزیک** موزیک لە تەمەنی (٥ تاکو ١٦) ساڵیە.

- گۆرانی وتن بەشێوەی کۆمەڵ پێویستە چونکە ڕووحی هاوکاری و کۆمەڵایەتی بوون لای منداڵ دروست دەکات.

- بابەتی پەروەردەی موزیکی بە پێز بدرێت بە منداڵان بەڵام پێگەیشتووان ئاراستە بکرێن بۆ پارچە موزیکی مەزن و ناوازە.

- گۆرانی منداڵان لەگەڵ شایی و سەماکردن گرنگیی زیاتری هەیە چونکە دەبێتە هۆی گەشەی جەستەیی مێشکی منداڵ.

- منداڵان دەبێت دوور بخرێنەوە لە و گۆرانیە ناپەروەردەیانەی کە فێری ڕەوشتی نابەجێیان دەکات.

- منداڵ فێری موزیکی میللی ناوچەکەی خۆی بێت کە بە زمانی موزیکی دایکێتی، پاشان گرنگی بە موزیکی بێگانە بدات.

- پێویستە موزیک لە هەموو ئەو ناوەندانە هەبێت کە مامۆستایان پێدەگەینێت ( حداد ، 2015 ، ص 148 ) .

**٢ – ١ -٣ – سەرهەڵدانی وانەی پەروەدەی موزیک لە باخچەی ساوایان لە کوردستان:**

وانەی پەروەردەی هونەری تەمەنی ئەوەندە درێژنیە لە ناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان، مێژووی ئەم وانەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، هەرلەم ساتەوەش وانە هونەریەکان دەبیندرێن لە ناو خشتەی وانەکاندا کەلەژێر ناوی (موزیک، کاری دەستی) دەنوسرا، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتایدا، بەڵام لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا تەمەنێکی زۆر کورتی هەیە، جگە لەمەش باخچەی ساوایان ، وە تەنها قۆناغی باخچەی ساوایان تەنها لە شارە گەورەکاندا هەبوو، دواتر لە سەرەتای ساڵانی حەفتایەکان لە قەزاو ناحیەکاندا کرایەوە ( عەلی ، 2014 ، لا ١٩ ) .

پەروەردەی موزیکی 2 جۆر ئامانجی هەیە ئامانجی پەروەردەیی و ئامانجی هونەری چونکە لە نێوان موزیک و پەروەردەدا پەیوەندیەکی تۆکمەو پتەو هەیە، بەشێوەیەکی گشتی پەروەردە پشت بەستووە بە موزیک، چونکە موزیک بونیات نەری کەسایەتی منداڵ دروستدەکات، بەو پێیەی کە موزیک هونەرە، زانستە، زمانە هەروەها موزیک زانستە دەتواندرێت بخوێندرێت جونکە لەسەر بنیاتێکی بیرکاری و فیزیادا دارێژراوە( عبدالهادي ، 2002 ، ص 29 ) .

**أ- ئامانجی پەروەردەیی :**

١- پەروەردەی موزیکی منداڵ فێری هونەری ڕێکخستن دەکات .

٢- پەروەردەی موزیکی دەرفەت بە قوتابیان دەدات فێری ژەنیی ئامێرە جۆراو جۆرەکان بن.

٣- وانەی پەروەردەی موزیک پردێکی پەیوەندی بەهێزە لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان کە زووتر هەست بە بەهرەو زیرەکی قوتابیان دەکرێت ( العمري ، 2017 ، ص 11 ) .

٤- منداڵ فێری کاری بە کۆمەڵ دەکات وە گرنگیی تاک بزانێت.

٥- گونجاونی تەمەن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە پەروەردەیەکان .

٦- موزیک و گۆرانی کاریگەری هەیە لە سەر گەشەو نەشو نمای منداڵ لە لایەنی جەستەیی ودەروونی و هزری سۆزداری .

٧- سود وەرگرتن لە **پەروەدەی موزیک** بۆ ڕێکخستن و پرکردنەوەی کاتە بەتالەکان و بەهێزکردنی لایەنی نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی،

٨- یارمەتی منداڵ دەدات گوزارشت لە ناخی خۆی بکات .

ب - ئامانجی هونەری :

١- بەهێزکردن ودرکردنی جوڵە لەڕێگەی موزیک، ڕیتم، گۆرانی.

٢- پەروەردەکردن و ڕاهێنانی هەستی بیستن بۆ دیاری کردنی موزیک و گۆرانی تەندروست.

٣- منداڵ فێری زمانێکی جیهانی دەبێت لە ڕێگەی پیتە موزیکیەکانەوە( صبري ، 1973 ، ص 55 – 56 ) .

کەواتە **پەروەدەی موزیک** یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ پەروەردە کردن، بەتایبەتی بۆ گەشەپێدانی هەستی (بیستن). وە ڕاهێنانی گوێچکەی منداڵ لە سەر ئەم دەنگانەی بە لاوە نامۆن کە لەڕێگەی بابەتی پەروەردەی موزیک دەتواندرێت مامۆستا قوتابیانی پێ

ئاشنا بکات، وە لەهەمان کاتیشدا چێژێکی موزیکی ببەخشێت، لێرەوەش قوتابیان توانای ناسینەوە وجیاکردنەوەی دەنگەکان لەلایان گەڵاڵە دەبێت و لەلایان دەبێتە دەنگێکی ناسراو. بێگومان دەبێت دەنگەکان دەنگی هەمەجۆربن، چونکە قوتابیانی باخچەی ساوایان تارادەیێک زۆر ئاشنایەتیان لە گەڵ ئەم دەنگانە نیە وگوێ بیستی نەبوون. وەک دەنگی ئامێرە موزیکیەکان پیانۆ، کەمانچە، فلوت، هتد . و دەنگی گیانداران بولبول، کوندە پەپو، پشیلە، کەلەشێر، مانگا، گوێدرێژ هتد . و دەنگی سروست ( هەورە تریشقە، باران، ، ڕوبار ) هتد . ودەنگی مرۆڤ ( دەنگی گریان، دەنگی پێکەنین، دەنگی کچ، دەنگی کور، دەنگی پیاوی پیر، دەنگی ژنی پیر، دەنگی هاواری دور، دەنگی بەچرپە) هتد . و دەنگی ژینگە ( دەنگی شەمەندەفەر، دەنگی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە، دەنگی ئۆتۆمبێکی فریاکەوتن، دەنگی فرۆکە) هتد ( نمیر وأخرون ، 2017 ، ص 23 ) .

زانایانی پەروەردە و دەروناسی گوتویانە منداڵان لە تەمەنی (١٠-١٢) ڕۆژی هەست بە دەنگ دەکەن، وە لە تەمەنی ٢ مانگی دا هەڵوەستە لەسەر دەندە موزیکیەکان دەکەن، لە تەمەنی (٤-٥) مانگی منداڵ مەیلی ئەوەیان دەبێت کە دەنگە موزیکیەکان جیا بکاتەوە. لە تەمەنی (١) ساڵی لاسایی گەوران بکەنەوە، لە تەمەنی (٢) ساڵی منداڵ دەتوانێت دەنگی بەرزو نزم بکات دەنگەکان لەیەک جیا بکاتەوە و چەپڵەش لێبدات،لەتەمەنی (٣-٤) ساڵی منداڵ دەتوانێت ئاوازێکی سادە لێبدەن، وە مەشق لەسەر دەنگیان دەکەن، بەرەو قۆناغی زمان گرتن دەچن، لەتەمەنی (٥ )ساڵی منداڵ دەتوانێت ( ٤٠_٥٠) گۆرانی ئەزبەر بکات. کەواتا لە قۆناغی باخچەی ساوایان گرینگ ترین بابەت پەروەردەی موزیکە ( مەسیفی ، 2000 ، لا 103 ) .

**٢ – ١ -٤ – سایکۆلۆژیای پەروەردەی موزیک بۆ منداڵان :**

گلگامیش دەڵێت " بۆ پاکردنەوەو زاڵ بوون بەسەر تورەیی ئەهریمەن پێویستە گوێبیستی موزیک بین" . خوداوەندی یۆنانیەکان دەڵێن "بۆئەوەی لە زمانە جیهانیەکان فێربیت پێویستە موزیک فێربیت بۆیە موزیک چەکی حاڵی بوونە لە مرۆڤەکان" . ئامۆژگاری قوتابیەکانی دەکات دەڵێت ئاوازێک لە سورشتەوە هەڵدەقوڵێت دەنگی خوداوەندی لەگەڵە هەموو تورەیی و گرژییەک لە نێواندا ناهێڵێت و ڕوح پاک دەکاتەوە ئاشتی دروست دەکات. مرۆڤ هەمیشە حەزدەکات وەک غەریزەیەک بەرەو ئارامگیری دەرونی بڕوات بۆ ئەوەی چالاکی مێشک زیاتر لە خاڵیک کۆبکاتەوە. بۆچونەکانی (نوری جەعفەر ) مێشکی هەموو مرۆڤێک سێکوچکەیەکی چالاکیە باڵاکان لەوی کۆ دەبنەوە وە بە تایبەتی (هونەر، گەشەی زمان، داهێنان) وموزیکیش بەشێکە لە هونەر لێک جیا کردنەوەی نۆتەی موزیکی کار دەکاتە سەر چالاکی شەپۆڵەکانی مێشک بەتایبەتی (الفاو بیتا) بۆیە موزیک زوخاوی مێشکە. موزیک وەک چارەسەرێک بەکار هاتووە بۆ چاکبونەوەی نەخۆشیە دەرونیەکان و تێکچونی غەریزەکان بەتایبەتی لە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان موزیک بەکار دێت وەک چارەسەری ڕۆماتیزم و بەرنامەی جوڵانەوەی لەش لەگەڵ هارمۆنی موزیک. زۆرێک لە توێژەران ئەوەیان ڕون کردۆتەوە کە موزیک پێشکاتی نەشتەر گەری وە پاش تەواو بوونی بەکار دەهێندرێت بۆ زیادکردنی فەرمانی فەسلەجی گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی وەک هەناسەدان وسوڕی خوێن و تەوژمی خوێن (حەمەد ، 2011 ، لا 334 – 335 ) .

**٢ – ١ -٦ - کاریگەریەکانی موزیک :**

**أ- کاریگەری موزیک لە فێربونی بەها ئەرینیەکان :**

موزیک پەیوەندی هەیە بەسۆزو هەڵچونەوە ڕۆڵێکی یەک لاکەرەوە دەبینێت لە گەشەکردنی منداڵدا. و دەتوانێت لەڕێگەی موزیکەوە فێری بەها ئەرێنیەکان ببێت وەک بڕوابەخۆبوون ، وە زۆر لە پێویستەکانی و حەزو ئارەزوەکانی تێر بکات، خەون و خەیاڵکانی بەرەو دەهێنان پێبگەیەنێ، وە لەرێگەی موزیکەوە بەتواناتر دەبێت لە دەربڕینی هەڵچونەکانی و ڕەنگدانەوەی لە پێگەیاندنی چێژی هونەری، وەهەستی ڕەخنەگرتن وە هەروەها کەسایەت لەسەر ئەو (تاکە) لەهەموو ڕوویەکەوە.

گرینگیدان بەموزیک و فێربوونی موزیک یەکێکە لە هۆیە پرهێزەکان کە پەروەردەکاران دەتوانن بەکاریبهێن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی بروانامەی ئەکادیمی ، ئاستی هۆشیاری ، و موزیک شیاوی ئەوەیە شوێنکی گرنک داگیربکات شان بەشانی وانەکانی تری خوێندن وەک (بیرکاری، زانستەکان، مێژوو). هەندێک لەزاناکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەموزیک گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە موزیک دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەمارە خانەکان، هەروەها توێکڵ و پەردەی مێشک چالاک و ئەکتیڤ دەبیت ، گوگرتن لە موزیک بۆ فێربوون دەبێتە هۆی ڕاهێنانی میشک . هەرلەبەر ئەوەشە داوا لە مامۆستاو بەرپرسانی پەروەردە داکات کە دەبێت لە ناو پۆل گرنگی زیاتر بە پەروەردەی موزیک بدرێت، گوێگرتن لە موزیکی هێمن و لەسەرخۆ دەبێتە هۆی

خاوبونەوەی ماسولكەكان و حەزكردن بە خۆشی و ئارامی مازاجی مرۆڤ بەگشتی و قوتابیان بەتایبەتی كەریگەریەكی زۆری هەیە لەسەر فێربوونی قوتابی ( حەسەن ، 2013 ، لا 76 ) .

**ب - كاریگەری موزیک لەسەر بابەتە پەروەردەیەكان :**

موزیک لە پەروەردەدا سنوردار نییە تەنها بۆ یاریكردن و گۆرانی وتن و وە بۆ مەبەستی چێژوەرگرتن یان بەسەر بردنی كات، بەڵكو لایەنە گرینگەكەی موزیک بریتیە لە بواری پەروەردە و بونیات نانی تاک. كەلە ژیانی ڕۆژانەشمان بۆ ئەوەی هەستی پێبكەی بەڕادەیەكی زۆر موزیک لەژیانماندا بەشدارە، بەتایبەت لە بواری كۆمەلایەتی و كەلتوری و نەتەوەی و فەرهەنگی و ئاینی و تەندروستی دا، هەربۆیەش لە بواری پەروەردە دا موزیک پەلی هاوشتۆتە نێو زۆر بابەتی تری پەروەردەیی و فێركردن كە ڕۆڵێكی گرینگ لە نێو ئەم بابەتانەدا دەگێرێت، دەتوانیین بڵێین ئەم بابەتەنە بەبێ ڕۆڵی موزیک لە نێویاندا كرچوو كاڵ و بێ بەها نیشان دەدێن. بۆیە پێویستە بەشێوەیەكی گشتی لە هەموو بابەتەكاندا پەروەردەكاران هەوڵی فێربوونی موزیک بدەن تاوک لە ڕێگای موزیكەوە بتوانن پەیامی بابەتەكەیان زیاتر و ئاسانتر بگەینێت بە قوتابیان.

**ج - كاریگەری موزیک لە سەر** پەروەردەی **ڕەوشتی منداڵ :**

مرۆڤ هەرلەكۆنەوە درک بەكاریگەری ئەرێنی و نەرێنی موزییک كردووە لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئاواز و مقام كە هەندێكیان پەیوەستە بە وروژاندنی لایەنی باشی سایكۆلۆژی مرۆڤ و وەهەندێكیشیان كاریگەریی دەبێت لە سەر لایەنی خراپ و وروژاندنی لایەنی غەریزە: وەک ئەفلاتوون دەڵێت" كاریگەری ڕەوشتی موزیک لەسەر پاڵپشتی كردنی لایەنی باش و لایەنی خراپ بە گوێرەی ئەم ئاواز و موزیكەیە كە دارێژراوە یان بەكاری دەهێنی" . موزیک ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت لە بونیات نانی تاكەكانی نێو كۆمەڵگەدا ڕەنگە موزیک تاكە هۆكارێت بۆ ئارام كردنەوە و دوور كەوتنەوە لە توندو تیژی لە نێو كۆ مەڵگان بۆیە ئەم كۆمەڵگایانەی ڕێژەی گیروگرفت و شەرو ئاژاوەی نیوان تاكاكانی تێدا بەدی دەكرێت پێوستە لە ناوەندەكانی پەروەردە گرنگیی زیاتر بە وانەی موزیک بدات و خولی فێربوونی ئامێرە موزیكیەكان بكاتەوە بۆ منداڵ و گرنگیی دان بەو موزیكانەی كە ئارام بەخش و ڕۆڵیان هەیە لە دروستكردنی كەسایەتی مرۆڤ ( موسی ، 2011 ، ص 8 ) .

**د - كاریگەریی موزیک لەسەر شانۆی منداڵ :**

شانۆی منداڵ هاوشانە لەگەل بابەتە پەروەردەیەكان، ڕۆڵی كاریگەر دەبینێت لە بواری پەروەردە بەتایبەتیش لە قۆناغەكانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی بەو پێیەی منداڵ لە قۆناغی باخچە توانای خوێندنەوەی كتێبی نیە. شانۆی منداڵیش لە سەر دوو بنەمای سەرەكی پێک دێت ئەمانیش گەمە و چێژە، كە ئەمانەش لە وانەی پەروەردەو فێركردن دا كەشێكی لە بار، خۆش، سەما ئاهەنگ ئامێز كەیف خۆشی پێک دەهێنن ( عەلی ، 2014 ، لا 39 ) . و (جۆردن گریج)دەڵێت" موزیک گیان و ڕوحی شانۆ پیک دەهینێت، بە شێوەیەكی گشتی هونەریكی سروشتیە " . نمایشی شانۆیی بۆ سەیركردنەو موزیک بۆ گوێ گرتنە پاڵپشتی سەرەكیە لە نمایشی شانۆكەدا وە هۆكارە دەرونیەكان دەوڕژێنێت ( اردش ، 1979 ، ص 235). موزیک كاریگەری دەخاتە سەر بینەر و سەر شانۆكار بەمەش ئاستی پێشكەش كردن و جێبەجێكردنی كارەكە زیاتر سەركەوتوو تر دەبێت. موزیک لە كاتی بیدەنگی دا نیشانەی دڵخۆشی، بیركردنەوە، هاندان دەردەخات ( مصطفی ، 2022 ، لا 40 ) .

بەڵام ڕیتمی موزیكی پەیوەندیەكی هەیە بە ڕۆڵی ئەكتەر چونكە هاوسنگی دەدات لەڕووی جوڵەو دەنگەوە دەی بەستێتەوە بەڕەگەزەكانی تر لە چوارچێوەی یەک ڕیتمی موزیكی.ڕیتمی موزیكی كاریگەرە لە سەر قوتابی سورنجی بۆلای خۆی ڕادەكێشیت، وە پەیوەندی هەیە بە گفتوگۆ هێما نادیەرو نادەربڕینەكان بە جۆرێک هاوسەنگی ڕێک دەداتە شانۆكە ئەگەر بێت وەكو پێویست بێت هەروەها ڕوونی زمان وێنەكە وادەكات ڕیتمەكە خاو بێت (بامیال ، 2004 ، ص 217 ) .

**هـ - كاریگەریی موزیک لەسەر وانەی یاریی وەرزشیی منداڵان:**

یاری و وەرزش دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی مێژوویە، چالاكیەكی سەربەخۆی منداڵە بۆ ناسینی خودی خۆی، بۆ شادبوون بە پەروەردەی جەستەیی و كۆمەڵایەتی( نسیم و محمد ، 2016 ، ص 21 ) .و كاریگەرییەكی هەیە لە گەشەكردن و پێكهێنانی كەسایەتی منداڵ ، یارمەتیدەرن بۆ هاوسەنگی نێوان وزەی دەروونی و سۆز، و بەدەستهێنانی زانیاری و هێزی دەربرین و گەشەپێدانی هەستی

ئینتیمای منداڵ و یاریکردن هۆکارە بۆ ناسینی ژینگەی چواردەوریان، وێڕای ئەمانە یاریکردن بێزاری و دڵەڕاوکێ منداڵ دەڕەوێنێتەوە واتا یاریکردن هەڵچونەکانی منداڵ خاڵی دەکاتەوە، موزیک ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە وانەی پەروەردەی وەرزشی و یاری منداڵان لە باخچەی ساوایان ( شرف الدين ، 2012 ، ص 24 ) .

**٢ – ٢ - توێژینەوەکانی پێشوو :**

**أ – توێژینەوەی (**ألياس ، 2009 **) :**

بەناونیشانی " گرفتەکانی وانەی پەروەردەی موزیک لە زنجیرەی یەکەم لە قۆناغەکانی فێرکردنی بنەرەتی لە ڕوانگەی مامۆستا و بەریوەبەر و ڕاهێنەران" ئامانجی توێژینەوەکە وەستان لەسەر ڕیالەتی فێرکردنی وانەی پەروەردەی موزیک لە قوتابخانەکانی کۆماری سوریا بۆزانینی هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕوی بابەتی پەروەردەی موزیک دەبێتەوە ، دانانی چارەسەر گونجاو بۆ ئەم ئاستەنگانە. میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە بەکارهاتووە و لە گرینگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەمانەن : نەبوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان ڕاهێنەران دەربارەی گرفتەکانی فێرکردنی بابەتی پەروەردەی موزیک، لەڕووی ناوچەی جوگرافی، ساڵانی ئەزموونی کارکردنیان. وبونی جیاوازی ئاماری لە نێوان بیرو بۆچونی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەربارەی گرفتەکانی فێرکردن لە پەروەردەی موزیک. تایبەت بە ناوچەی جوگرافی و ئەزموونی کارکردنیان. وبوونی جیاوازی ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایانی پەروەردەی موزیک بە گوێرەی ناوڕۆکی پەرتووک ئەو پرۆگرام و کات ژمێری بەشەوانەی بابەتی پەروەردەی موزیکی ( ألياس ، 2009 ، ص 12 – 18 ) .

**ب - توێژینەوەی ( زعبی** 2013 **) :**

(پەروەردەی موزیک و چالاکی موزیکی توێژینەوەیەکی شیکاری بۆڕواڵەتی موزیک لە ئوردن) ، ئامانجی زانینی ڕواڵەتی پەروەردەی موزیک لو وولاتی ئوردن لە ڕوانگەی مامۆستایان. توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەی میتۆدی شیکاری (وصفييە ) کەتیایدا ڕاپرسی بەکارهاتووە بۆ دەستکەوتنی داتاو ژمارەکان. و کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە مامۆستایانی پەروەردەی موزیک لە ووڵاتی ئوردن ، نمونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوون بەشێوازی دەستنیشانکردن کە پێکهاتوون لە مامۆستایانی پەروەردەیی موزیک کە ژمارەیان (٨٢) مامۆستا بوون. ئەنجامی توێژینەوەکە : نەبوونی سەرپەرشتیار بەژمارەیەکی پێویست بۆ مەبەستی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی وانەی پەروەردەی موزیک. و مامۆستایان گرنگیی زیاتر بەچالاکی هونەری موزیکی دەدەن، لەچاو پەرەردەی هونەری موزیکی کە لە پرۆگرامەکاندا هاتووە. و چڕکردنەوە و سەرنجی مامۆستایان لە بابەتی پەروەردەی موزیکی لە قوتابخانەو باخچەی ساوایانی ئوردن لەن چوارچێوەی سروود و گۆرانیدا تێناپەڕێت. ونەبوونی بەرچاو ڕونیەکی تەواو لە پەیامی پەروەردەی موزیک، بۆ مامۆستایانی پەروەردەی موزیک چونکە مامۆستایان هەڵگری لێهاتووی هونەرین نەوەک پەروەردەیی ( الزعبي ، 2013 ، ص 13 ) .

**ج - توێژینەوەی (حداد،** 2016 **) :**

بەناونیشانی " ژینگەی فێرکردنی موزیک لە قوتابخانەکانی ئوردن لەنێوان ڕواڵەتی و ئاستەنگ" . ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی دۆزینەوەو چارەسەر بۆ ئەم بۆشاییانە لەژینگەی ناوەندەکانی خويندن داهەن لە قۆناغی باخچەی ساوایان تا وەک و دواقۆناغی سەرەتایی لە بابەتی پەروەردەی موزیک ، بۆ ئەو ئاستەنگانەی ڕوو بەڕووی مامۆستایان دەبێتەو لە ووڵاتی ئوردن ، پێشنیارکردنی کۆمەڵێک چارەسەر بۆ گرفتەکان. میتۆدی وەسفی شیکردنەوەیی بەکارهێنراوە بەکار هێناوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە کە کاردەکات لە سەر کۆکردنەوەی داتا لەڕێگەی ڕاپرسی شیکردنەوە، ڕونکردنەوەی ئەنجامەکان دەربکەوێت ، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵێک مامۆستای پەروەردەی موزیک و گۆرانی لە ووڵاتی ئوردن دەستیشانکراوە دواتر هەموو ڕاپرسیەکان بۆ مامۆستایانی بەشێکی زۆر لە پارێزگاکانی ئوردن نێرداوە کە ژمارەیان (١٠٠) مامۆستای شارەزا لە بابەتی پەروەردەی موزیک ، (٤٥) لە ڕەگەزی نێر، (٥٥) لە ڕەگەزی مێ بوون . دەرئەنجامی تویژینەوەکە دەرکەوتووە کە پاڵپشتی ئەرێنی بۆ مامۆستایان و قوتابیان زۆرترین پلەی لاری نەبوونی بەدەستهیناوە، چونکە هەموو مامۆستایەکان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی خۆشەویستیان هەیە بۆ پیشەی مامۆستایی لە بابەتی پەروەردەی موزیک، گرینگی بە قوتابیانی بەهرە مەند دەدەن. وە ئەو بوارەی کە پلەیەکی نزمی بەدەستهێناوە بریتی بوو لە بواری پەیوەست بەپرۆگرام و ئامادەکردنی مامۆستا چونکە بەڕادەیەکی زۆر مامۆستایان ڕازیبوون لەسەر بەکارهێنانی ئەم کتێب و پرۆگرامانەی کە لە باخچەوە قوتابخانەکان دەکەن ( حداد ، 2016 ، ص 14 ) .

شیكاری و بەراوردكردنی توێژینەوەكانی پێشوو :

لە چەند خاڵێكدا بەراوردی توێژینەوەی ئێستا، بەتوێژینەوەكانی پێشوو دەكرێت بۆ مەبەستی دەرخستنی ئاستی لێكچوون و جیاوازیان.

أ- لە ڕووی ڕەهەند و شوێن كات و ئەنجامدانی توێژینەوەكە توێژینەوەی ئێستامان لە هەرێمی كوردستان لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە لەساڵی ٢٠٢٣، بەڵام توێژینەوەكانی تر، (الیاس، سیمون، ٢٠٠٩) سوریا، (زعبی ٢٠١٣) ئوردن، (سادە و حداد، ٢٠١٦) ئوردن.

ب- لێكچوون و جیاوازی لە توێژینەوەكان، بوونی هەماهەنگی لە نێوان توێژینەوەی ئێستامان لەگەڵ توێژینەوەی(الیاس، سیمون، ٢٠٠٩) و توێژینەوەی (سادە و حداد، ٢٠١٦) لەڕووی شێوازی كاركردن میتۆدی وەسفی شیكردنەوەیە بەڵام توێژینەوەی (زعبی ٢٠١٣) میتۆدی شیكاریە .

ج- نمونەی كۆمەڵگای توێژینەوەكەمان هاوشێوەی توێژینەوەكانی (سادە و حداد، ٢٠١٦) و(زعبی ٢٠١٣) بریتی بووە لە مامۆستا، بەلام كۆمەڵگای توێژینەوەی (الیاس، سیمون، ٢٠٠٩) مامۆستا و بەڕێوەبەر و ڕاهێنارانە .

د - سەبارەت بە شوێنی ئەنجامدانی هەرێمی كوردستان، ٢٠٢٣ مامۆستایانی ناوەندی هەولێر، تایبەت بە باخچەی منداڵان. بۆ زانینی ڕیالەتی پەروەردەی موزیک. لێكۆڵینەوەی پێشوو وڵاتی ئوردن زۆربەی پارێزگاكان، باخچەی مندالان و قۆناغی سەرەتایی، بۆزانینی ڕواڵەتی و ئاستەنگ .

سوود بینین لە توێژینەوەكانی پێشوو:

١- سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری كە پاڵپشتی دەكات لە توێژینەوەی ئێستا.

٢- هۆكارێكە بۆ دەستنیشانكردنی میتۆد وخشتەی گونجاو بۆ تویژینەوەی ئێستا.

٣- سودوەرگرتن لە هەڵبژاردنی شێوازی ئاماری گونجاو بۆ تویژینەوەی ئێستا.

٤- سوود وەرگرتن لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئامڕازەكانی پێوانەی توێژینەوە .

**٣ - میتۆد و كردارییەكانی توێژینەوە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە (وەسفی) یە ، ولەبەر ئەوەی توێژینەوەی وەسفی وەسفی گرفتی توێژینەوە لەهەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنیەتی دەكات ، بۆیە توێژینەوەی وەسفی تەنها بە وەسفكردنی دیاردەكان ناوەستێت بەڵكو شیكارییان دەكات ، دەگات بە هەڵسەنگاندن، لەوەش زیاتر پێشبینی داهاتووی دیاردەكەش دەكات ( بۆكانی ، 2020 ، لا 73 ) .

**٣ -١ - كۆمەڵگا توێژینەوە** :

بۆ دەست نیشانكردنی كۆمەڵگای گشتی توێژینەوەكەی ،توێژەر هەڵسا بە سنووردار كردنی كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی كە بریتی بوو لە مامۆستایانی باخچەی ساوایان (حكومی و ناحكومی) ی لە سنووری ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢) ، كاتێک ژمارەی گشتی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە هەردوو جۆری باخچەی ساوایان (حكومی و ناحكومی) ی ( ١٢٨١ ) مامۆستا بوو. بڕوانە خشتەی ژمارە (١) .

خشتەی ژمارە ( ١ )

كۆمەڵگای توێژینەوە

| ژمارەی مامۆستا | | ڕەگەزی مامۆستا | | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی حكومی | باخچەی ناحكومی | مێ | نێر | |
| ٧٢٧ | ٥٥٤ | ١١٢٣ | ١٥٨ | ١٢٨١ |

**٣ - ٢ – سامپڵی توێژینەوە :**

أ – سامپڵی جێبەجێكردنی سەرەتایی – بەرایی :

بۆ بەدەست هێنانی جێگیری وراهێنانی زیاتر لەسەر پێوانەکەی و دەستنیشان کردنی هەر کەم و کوڕییەک لە پێوانەکەی پێش وەرگرتنی سامپڵی جێبەجێکردنی کۆتایی ، توێژەر هەڵسا بە وەرگرتنی (٦٠) لە مامۆستایانی ( ڕەگەزی مێ ) لە باخچەی ساوایان (حکومی و ناحکومی) ی لە سنووری ناوەندی شاری هەولێر و بەشیوەیەکی هەڕەمەکی و بەم شێوەی خوارەوە :

خشتەی ژمارە ( ٢ )

سامپڵی جێبەجێکردنی بەرایی

| ناوی باخچە | جۆری باخچە | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|
| شنۆ | حکومی | 15 |
| مرواری | حکومی | 15 |
| ساڤا | نا حکومی | 15 |
| ئەستێرە | نا حکومی | 15 |
| کۆی گشتی | 60 | |

ب – سامپڵی جێبەجێکردنی کۆتایی :

بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی کۆتایی ،توێژەر هەڵسا بەوەرگرتنی ( 306) مامۆستا لە باخچەی ساوایان (حکومی و ناحکومی) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر و بەشیوەیەکی هەڕەمەکی ، خشتەی ژمارە (٣) :

خشتەی ژمارە ( ٣ )

ناو و ژمارەی مامۆستایانی باخچەی ساوایانی حکومی

| ژ | باخچەی ساوایانی حکومی | ڕەگەز و ژمارەی مامۆستا | | باخچەی ساوایانی نا حکومی | ڕەگەز و ژمارەی مامۆستا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | | مێ | نێر |
| ١ | ب. ساوایانی ڕوناکی | ١٣ | - | ب. ساوایانی دیاکۆ | ٩ | ١ |
| ٢ | ب. ساوایانی خونچە | ١٣ | - | ب. ساوایانی میلان | ١١ | - |
| ٣ | ب. ساوایانی شۆڕش | ١١ | - | ب. ساوایانی کلێڤەر | ١٣ | - |
| ٤ | ب. ساوایانی گادگرۆس | ١٠ | - | ب. ساوایانی کامبریج | ١٣ | ٢ |
| ٥ | ب. ساوایانی ئازادی | ١٤ | - | ب. ساوایانی ئینگلیش تایم | ١٠ | ١ |
| ٦ | ب. ساوایانی وێنە | ١٣ | - | ب. ساوایانی ژیار | ٩ | - |
| ٧ | ب. ساوایانی لاوین | ١٠ | - | ب. ساوایانی دۆمانتیسۆری | ٨ | - |
| ٨ | ب. ساوایانی گوڵ | ١١ | - | ب. ساوایانی کۆشش | ٩ | - |
| ٩ | ب. ساوایانی ڕۆنی | ١٣ | - | ب. ساوایانی ژیر | ١٠ | ١ |
| ١٠ | ب. ساوایانی تانۆ | ١٢ | - | ب. ساوایانی بڕیار | ٨ | - |
| ١١ | ب. ساوایانی گوڵدان | ١٣ | - | ب. ساوایانی زانیاری نوێ | ٨ | - |
| ١٢ | ب. ساوایانی دارەتوو | ١١ | - | ب. ساوایانی لارە | ٩ | - |
| ١٣ | ب. ساوایانی برایەتی | ١٠ | - | ب. ساوایانی دواڕۆژ | ٩ | - |
| ١٤ | ب. ساوایانی سەروەران | ١١ | - | ب. ساوایانی دیاکۆ | ١٠ | - |
| | کۆی گشتی | ١٦٤ | | | ١٤٢ | |

٣ - ٣ – پێوەری توێژینەوە :

توێژەر بۆ پێوانەی ڕیالیتی پەروەردەی موزیک لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان ، ولەبەر نەبوونی پێوەری ستاندەرو کوردی ، توێژەر بە شێوەیکی سەرەتایی پێوەرێکی (ڕاپرسی) ئامادە کرد کە لە ( ٣ ) ڕەهەند و ( ٤٤ ) برگە پێک هاتبوو ( پاشکۆی ژمارە ١ ) ، وبەمشێوەیە:

١ – رەهەندی هەبوونی پێداویستیەکان : برگەی (١ – ١١ )

٢ - ڕەهەندی پاڵپشتیکردنی ویژدانی مامۆستا و منداڵان : برگەکانی ( ١٢ – ٣١ )

٣ – ڕەهەندی ئامادە باشی پرۆگرامی مامۆستایان : برگەکانی ( ٣٢ – ٤٤ )

بۆ ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی سوود لەم سەرچاوە و توێژینەوەیانە وەرگیراوە لە:

١- توێژینەوە و پێوانەکانی پێشوو وەک توێژینەوەی (الیاس، ٢٠٠٩) وتویژینەوەی (زعبی ٢٠١٣) و تویژینەوەی(حداد، ٢٠١٦) .
٢- سەردانی کردنی مەیدانی وگفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستایانی باخچەی ساوایان و چالاکی قوتابخانەکان، دەربارەی وانەی پەروەردەی موزیکی لە ناوەندەکانی خوێندن و بەتایبەت باخچەی ساوایان .
٣- سوودوەرگرتن لە بەڵگەنامە وپرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە ساڵی ٢٠١٨.کە ئاماژە بەو بابەتانە دەکات کە لە باخچەکان پێویستە بخوێندرێت و فێربکرین، و ئاماژە بە پرۆگرامی وانەی موزیک دەکرێت لە باخچەی ساوایان .

٣ - ٤ – راستگۆیی پێوەری توێژینەوە :

ڕاستگۆیی رواڵەتی پاڵپشتی و پشت ڕاستکردنەوەیە بۆ ئەو ئامرازەی کە توێژەر دەیەوێت تەوەر و بڕگەکانی بەشێوەیەکی دروست و ڕاست بخاتە بەر دەستی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی، کە بەنیازە پێوانە بکات ئەمەش ڕاستیەکی ڕونتر و بەرچاوتر بەدیار دەخات لە توێژینەوەکە، کە پێویستە لە شارەزایەک زیاتر سەرنج لەسەر تەوەرو برگەکان بکات، بەمەش واپێویست دەکات شارەزایان پسپۆڕیەکەیان لە هەمان بابەت بێت (القصابی ، 2020 ، ص 43 ) .

بۆ ڕاستگۆیی رواڵەتی ، توێژەر هەڵسا بە پێشکەشکردنی پێوانەی توێژینەوەکەی ( پاشکۆی ژمارە ١ ) بە چەند شارەزایەک لە بواری موزیک، دەروونزانی و پەروەردەیی، ڕێگاکانی وانە وتنەوە، پێوانەو هەڵسەنگاندن ( پاشکۆی ژمارە ٢ ) ، توێژەر داواکار بوو لە شارەزایان بە دەست نیشانکردنی گونجاوی و نەگونجاوی پێوانەکەی . و دوایی وەرگرتنەوەی ڕاو بۆچوونی شارەزاکان ،وجێبەجێکردنی ڕاستگۆیی رووالەتی ڕێژەکەی ( 0.96 ) دەرچوو ،و بە پێی بۆچوون و تێبینی شارەزاکان هەندێ برگەی ڕاست کرایەوە ، هیچ برگەیەک لا نەدرا ، چونکە رێژەی ڕەزامەندی شارەزاکان لەسەر ئەو برگانە لە ئاستی ئەو ڕێژەیە بووکە توێژەر دای نابوو بۆ لابردن یان هێشتنەوەی هەر برگەیەک .بەمجۆرە پێوانەی ڕیالیتی پەروەردەی موزیک لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بەشێوەی کۆتایی وەک خۆی بە ( 44 ) برگە مایەوە ( پاشکۆی ژمارە ٣ ) .

**٣ - ٥ – جێگیری** پێوەر :

چەمکی جێگیری بە واتایەدێت کە ئامرازەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدیبهێنێت ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جیبەجێبکرێتەوە(بۆکانی،156،2020). جێگیری پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دانانی پێوانە، ومەرجێکی بنەڕەتییە لە کاتی ئامادەکردنی پێوانەی پەروەردەیەکان، وئەگەرهەر پێوانەیەک ئاستێکی گونجاوی لە ووردی و چونیەکی تیدا بوو ، ئەوا ئەم پێوانەیە بە پلەیەکی گونجاوی جێگیری ئەژمار دەکرێت (أبو علام ، 2004 ، ص 249 ) .

بۆ ئەنجامدانی جێگیری ، ڕێگای چونیەکی ناوەوە ( الاتساق الداخلي ) بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( ئەلفا کرونباخ ) جێ بەجێ کرا . دوای ئەوەی پێوانەی توێژینەوە بەسەر سامپڵی توێژینەوە (سامپڵی جێبەجێکردنی بەرایی ) کە ( 60 ) مامۆستای باخچەی ساوایانی حکومی و ناحکومی بوو جێبەجێکرا . توێژەر لە ڕێگای ( هەگبەی ئاماری SPSS ) و بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری ( ئەلفا کرونباخ Cronbach`s Alpha ) ، جێگیری بۆ پێوانەکەی دۆزییەوە کە ڕێژەکەی کردیە ( 0.89 ) .

٣ – ٦ - جێبەجێکردنی پێوانە :

توێژەر لە جێبەجێکردنی پێوانەکە هەنگاوەکانی بەمجۆرە بوو :

أ – جێبەجێکردنی سەرەتایی - بەرایی :

بۆ ڕاهێنانی زیاتر و بەدەستهێنانی جێگیری پێوانەکەی، توێژەر جێبەجێکردنی بەرایی پێوانەکەی لە ماوەی نیوان (22–24/ 1/ 2022 ) لەسەر سامپڵک کە لە (60) مامۆستایانی باخچەی ساوایانی حکومی و ناحکومی پێکهاتبوو ئەنجامدا .

ب – جێبەجێکردنی کۆتایی : توێژەر جێبەجێکردنی کۆتایی لە ماوەی (1 – 25 / 5 / 2022 ) ئەنجامدا .

٣ – ٧ - ئامرازە ئاماریەکان :

توێژەر سەرجەم کارە ئاماریەکانی لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری ( SPSS ) ئەنجامدا ، وە تیایدا ئەم ئامرازانەی بەکارهێنا :

أ – هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ . ب – T.TEST ی یەك سامپل و دوو سامپڵ .

ج – ڕێژەی سەددی دووبارە بوونەوە .

٤ - ١- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەییان :

ئامانجی یەکەم : ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر بەشێوەیەکی گشتی .

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ناوەندە ژمێری (الوسط الحسابي) ولادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري ) بۆ نمونەی توێژینەوەکە دۆزییەوە کە (306) مامۆستا بوو ، ڕێژەی ناوەندە ژمێری کردیە (84.516) و لادانی پێوانەیەش کردیە (11.125) . خشتەی ( ٤ ) .

**خشتەی (٤ )**

**جیاوازی لە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە نێوان ناوەندە ژمێری و ناوەندی گریمانی**

| ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی | سامپڵ | ناوەندی گریمانی | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| | **306** | **88•** | **84.51** | **11.12** | **6.214** | **3.291** | هەیە لەئاستی **0.001** و نمرەی سەربەستی **305** |

لەبەر ئەوەی ناوەندی گریمانی کە ڕێژەکەی (88) گەورەترە لە ناوەندە ژمێری کە ڕێژەکەی (84.511) ، کەواتە سامپڵی توێژینەوە کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر بەشێوەیەکی گشتی ئاستی ڕیالیتی و واقعی ئێستای پەروەردەی موزیکی ڕەت دەکەنەوە و لە لایان پەسەند نیە وەک لەوەی گریمان دەکرا .

و بە بەکار هێنانی ئامرازی ئاماری تی تێستی یەک سامپل (One-Sample T. Test) لە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆییەکان کۆمەڵاتییەکان ناسراو بە (spss) ، جیاوازی نێوان نمرەکانی ناوەندە ژمێری و ناوەندی گریمانی لای مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر دۆزرایەوە کە ڕێژەکەی (6.214) کاتێک ئەم ڕێژەیە بەرزتر و گەورەترە لە ڕێژەی ( تی تێستی خشتەیی ) کە (3.291) بوو ، بەمجۆرەش جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی ( 0.001 ) و نمرەی سەربەستی (305) دەردەدەکەوێت . لێرەوە بۆمان بەدەر دەکەوێت کە مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر بەشێوەیەکی گشتی ئەم واقعە- ڕیالیتیەی ئێستای پەروەردەی موزیک بە باش و گونجاو نازانن .

بەمجۆرە وهەروەک توێژەر لە گرفتی توێژینەوەکەی تیشکی خستۆتە سەر ئەم واقیعە نزمەی پەروەردەی موزیک لەناو باخچەکانی ساوایانی ناو شاری هەولێر لەوەیە دەرئەنجامی پشت گوێ خستنی پەروەردەی موزیک بێت لەچاو بابەتەکانی تری وەک زمانی کوردی و ئینگلیزی و زانستەکان .....هتد .یان لەوەیە ئەم ئەنجامە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی پەروەردەی موزیک لەناو باخچەکان بە وانەیکی سەرەکی و گرنگ ئەژمار نەکرا بێت بە بەراورد بە وانەکانی تر.

و بەمەبەستی زانینی گرنگترین و بەهێزترین ئەو بوار و بڕگە و پرسیارانەی تایبەت بە ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە پێوانەکەدا کە مامۆستایانی باخچەکانی ساوایانی ناو شاری هەولێر وەڵامییان داوەتەوە .

توێژەر ڕێژەی سەددی دووبارەبوونەوەی بڕگە و پرسیارەکانی ناو پێوانەکەی دۆزیەوە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو بڕگە و پرسیارەی کە زۆرترین دووبارەی هەیە ( لە هەر جێگرەوەیکی وەڵامەکاندا ) ، بەمجۆرە هەر بوار پرسیارێک زۆرترین ڕێژەی سەددی دووبارەبوونەوەی هەبێت ، ئەوا بەرزترین ئاستی ناو ڕیالیەتی دەنوێت لای مامۆستایانی باخچەی ساوایان لەناو شاری هەولێر . هەر بۆیە توێژەر (ڕێژەی سەددی دووبارەبوونەوەی ) بۆ بڕگە و پرسیارەکانی پێوانەکەی دۆزییەوە .

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ڕیزبەندی گرنگترین پرسیار و بڕگەی ( ڕیالیتی پەروەردەی موزیک ) لای مامۆستایانی باخچەی ساوایان**

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەددی دووبارەبوونەوە | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |

• ناوەندی گریمانی =بەرزترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردەکان× ژمارەی برگە + نزمترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردە × ژمارەی برگە ÷ ٢

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .1 | لەمر باخچەی کە من مامۆستامر ژمارەیەکی گونجاو لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری هەیە. | 65.4 | 4.2 | 30.4 |
| .2 | لەمر باخچەیەی کە من تیادا مامۆستامر پەرتوکی وانەی موزیک هەیە. | 39.2 | 7.5 | 53.3 |
| .3 | لەمر باخچەی کە مامۆستامر هۆکارەکانی ڕونکردنەوە بۆ پەروەردەیی موزیکی تیادا بەدەرستە. | 43.1 | 16.7 | 40.2 |
| .4 | لەمر باخچەی کە من مامۆستامر کەشێکی گونجاو هەیە بۆ فێرکردنی وانەی پەروەردەی موزیک. | 37.9 | 17.0 | 45.1 |
| .5 | لەو باخچەی کە من مامۆستامر پاڵپشتیکردن بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیکی هەیە. | 37.9 | 15.0 | 47.1 |
| .6 | لەمر باخچەی کە مامۆستامر وەڵامر دانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی وانەی پەروەردەی موزیک هەیە. | 45.8 | 14.7 | 39.5 |
| .7 | لەمر باخچەیەی کە تیادا مامۆستامر ئامێرە موزیکیەکان بە تەواوی دابینکراون. | 26.8 | 6.9 | 66.3 |
| .8 | لەمر باخچەی ساوایانەی کە من تیادا مامۆستامر پۆلی تایبەت بەفێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | 34.6 | 7.8 | 57.5 |
| .9 | باخچەکەمر هەلی بەشداریکردنمر لە خولی پەروەردەی موزیکی بۆ دەڕەخسێنێت. | 40.2 | 12.7 | 47.1 |
| .10 | لە باخچەکەمر ژووری تایبەت بە مامۆستای پەروەردەی موزیک هەیە . | 29.7 | 5.6 | 64.7 |
| .11 | کەرستە هونەریانەی کە لەو باخچەی ساوایانەی کە من تیادا مامۆستامر هەن بەسە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و کارایی وانەی پەروەردەی موزیک | 34.0 | 13.1 | 52.9 |
| .12 | کارگێری باخچەکەمر گرینگی بە وانەی پەروەردەی موزیکی دەدات، وەک هەموو وانەکانی تر. | 35.9 | 15.4 | 48.7 |
| .13 | دایبابان نارەزایی دەردەبڕن لە خوێندنی وانەی پەروەردەی موزیک و هونەری لە باخچەدا. | 52.0 | 22.5 | 25.5 |
| .14 | چێژ وەردەگرمر لە وانەی پەروەردەی موزیکی . | 65.7 | 9.2 | 25.2 |
| .15 | بێزارمر لە زۆری چالاکیەکان کە لە کارگێری باخچەکەمر پێمر ئەنجامر دەدەن. | 15.4 | 11.1 | 73.5 |
| .16 | دایبابان پێداویستی پەروەردەی موزیکی بۆ منداڵانیان دابین دەکەن. | 33.3 | 7.2 | 59.5 |
| .17 | کارگێری باخچەکەمر هانی منداڵان دەدات بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ و فیستڤاڵەکان دا. | 80.4 | 13.7 | 5.9 |
| .18 | منداڵان لە لایەن خێزانەکانیانەوە هان دەدرێن بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی و بەشداری کردنیان. | 19.3 | 23.9 | 56.9 |
| .19 | کارگێری باخچەکەمر گرنگی دەدات بە بەشە وانەی پەروەردەی موزیک. | 45.8 | 11.9 | 42.4 |
| .20 | پیشەکەی خۆمر خۆشدەوێت، وەک مامۆستایەکی پەروەردەی موزیکی. | 79.4 | 6.9 | 13.7 |
| .21 | بەخێوکاران داوەت نامەکان قبوڵ دەکەن بە ئامادە بونیان لە چالاکی وفیستڤاڵ موزیکیەکان کە لە باخچەی ساوایان ئەنجامر دەدرێت. | 33.37 | 16.6 | 50.0 |
| .22 | بەڕێوەبەری باخچەکەمر چاودێری و بەدواداچوون دەکەن . | 81.0 | 6.9 | 12.1 |
| .23 | چاودێری وبەدواداچوون هەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری پەروەردەیی باخچەکان. | 34.7 | 12.6 | 52.6 |
| .24 | منداڵان پێشوازی دەکەن لە ڕاهێنانە موزیکیەکان. | 79.1 | 6.9 | 14.1 |
| .25 | سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری موزیکی سەردانی مامۆستای پەروەردەی هونەری دەکات لە باخچەی ساوایان . | 33.0 | 13.1 | 53.9 |
| .26 | شوێنی تایبەت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی پێداویستیەکانی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە لە باخچەی ساوایان . | 37.9 | 15.0 | 47.1 |
| .27 | لە خشتەی وانەوتنەوەی باخچەی ساوایان ، وانەی پەروەردەی موزیک دەدرێت بە مامۆستایانی بەساڵا چوو و نەخۆش. | 48.4 | 18.3 | 33.3 |
| .28 | مامۆستای تایبەت هەیە بۆ وانەی پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایان . | 63.4 | 11.8 | 24.8 |
| .29 | نەبوونی پاڵپشتی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پەروەردەی موزیکی. | 72.5 | 8.5 | 19.0 |
| .30 | دەستەی وانەوتنەوەی باخچەکەمر گرنگی نادەن بەوانەی پەروەردەی موزیکی. | 48.4 | 20.6 | 31.0 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .31 | ئەو مامۆستا هونەریانەی کە لە چالاکی وفیستیڤالە هونەریەکان بە پلەی باش سەرکەوتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، ڕێزیان لێدەگیرێت. | 42.5 | 21.6 | 35.9 |
| .32 | تەنها ئەمر پرۆگرامە بەکاردەهێنمر کە لە لایەن سەرپەرشتیارانی باخچەی ساوایان ئامادەکراوە بۆ وانەی پەروەردەی موزیکی. | 50.3 | 17.0 | 32.7 |
| .33 | بەشداریکردن لە خولی دەرەکی یارمەتیدەرە بۆ وتنەوەی پەروەردەی موزیکی. | 74.5 | 7.8 | 17.6 |
| .34 | زانیاریانەی کە پێشتر وەرمگرتووە لە پێش مامۆستایەتیمر یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی ببمە مامۆستای موزیک. | 58.2 | 21.9 | 19.9 |
| .35 | کەرستە تەکنەلۆجیەکانی نوێ بەکار دەهێنمر، بۆ فێربوونی وانەی موزیکی. | 56.5 | 11.1 | 32.4 |
| .36 | بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ فێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی بەکار دەهێنمر. | 52.3 | 14.4 | 33.3 |
| .37 | گرینگی بە هەموو لایەناکانی موزیکی دەدەمر وەک ژەنین، مێژوو، چێژ وەرگرتن. | 37.9 | 18.6 | 43.5 |
| .38 | هەڵدەستمر بە داڕشتنی پلانی سالانە، مانگانە، ڕۆژانە، بەشێوەیەکی گونجاو بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی. | 75.8 | 8.2 | 16.0 |
| .39 | گرینگی بە منداڵە بەهرەمەندەکان دەدەمر، یارمەتیان دەدەمر بۆ فێربوونی ئامێری موزیکی. | 69.6 | 14.7 | 15.7 |
| .40 | منداڵان ئارەزویان زیاترە لە وانەی پەروەردەی موزیکی، زیاتر لە وانەکانی تر. | 83.7 | 9.2 | 7.2 |
| .41 | مامۆستای پەروەردەی موزیکی بەشداری دەکات لە جوانکردنی باخچە. | 68.6 | 23.2 | 8.2 |
| .42 | وانەی پەروەردەی موزیکی بەکاردێت بۆ فێربوون لە بابەتاکانی تر | 74.2 | 13.1 | 12.7 |
| .43 | مامۆستایانی پەروەردەی موزیکی لە باخچەکەمر پێویستیان بە خولی ڕاهێنانی بەردەوامر هەیە. | 76.1 | 11.8 | 12.1 |
| .44 | زۆری منداڵان لە پۆلەکانی خوێندندا کاریگەری نەرێنی لە سەر وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | 67.9 | 12.7 | 19.3 |

بەسەیر کردنی خشتەی ژمارە ( ٥ ) ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ، هەندێک لە پرسیار و برگەکان زۆرترین ڕێژەی دووبارە بوونەوەی بەدەست هێناوە ، و هەندێکی تر بە پێچەوانەوە ، و بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتری ( نا پەسەند کردنی واقیع – ریالیەتی ) پەرورەدەی موزیکی لای مامۆستایانی باخچەی مندالان لەناو شاری هەولێر ، هەر بۆیە توێژەر هەڵسا بە سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەو پرسیارانەی کە دابەزین و ناپەسەندی واقیعی پەروەردەی موزیکی دەنوێنن ، بڕوانە خشتەی ژمارە ( ٦ ) .

**خشتەی ژمارە ٦**

**ڕێکخستنی پرسیارەکانی ( ڕیالیتی پەروەردەی موزیک ) ناپەسەندکراو لای مامۆستایانی باخچەی ساوایان**

| ژ | برگەکان | ڕێژەی سەددی دووبارەبوونەوە | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |
| .1 | لەمر باخچەیەی کە مامۆستامر ئامێرە موزیکیەکان بە تەواوی دابینکراون. | 26.8 | 6.9 | 66.3 |
| .2 | لە باخچەکەمر ژووری تایبەت هەیە بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیک. | 29.7 | 5.6 | 64.7 |
| .3 | منداڵان لە لایەن خێزانەکانیانەوە هان دەدرێن بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی | 19.3 | 23.9 | 56.9 |
| .4 | سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری موزیکی سەردانی مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری دەکات لە باخچەی ساوایان . | 33.0 | 13.1 | 53.9 |
| .5 | لەمر باخچەیەی کە تیادا مامۆستامر پەرتوکی وانەی موزیک هەیە. | 39.2 | 7.5 | 53.3 |
| .6 | لەمر باخچەی کە تیادا مامۆستامر پۆلی تایبەت بە فێر بوونی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | 34.6 | 7.8 | 57.5 |
| .7 | کەرستە هونەریانەی کە لەو باخچەی ساوایانەی کە من تیادا مامۆستامر هەن بەسە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و کارایی وانەی پەروەردەی موزیک | 34.0 | 13.1 | 52.9 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .8 | ئایا چاودێریکردن و بەدوا دچوون هەیە لە لایەن چالاکی هونەری پەروەردەیی باخچەکان. | 34.7 | 12.6 | 52.6 |
| .9 | دایابان پێداویستی پەروەردەی موزیکی بۆ منداڵانیان دابین دەکەن. | 33.3 | 7.2 | 59.5 |
| .10 | نەبوونی پاڵپشتی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پەروەردەی موزیکی. | 72.5 | 8.5 | 19.0 |
| .11 | وانەی پەروەردەی موزیکی بەکاردێت بۆ فێربوون لە بابەتاکانی تر | 74.2 | 13.1 | 12.7 |
| .12 | مامۆستایانی پەروەردەی موزیکی لە باخچە پێویستیان بە خولی ڕاهێنانی بەردەوام هەیە. | 76.1 | 11.8 | 12.1 |
| .13 | زۆری منداڵان لە پۆلەکانی خوێندندا کاریگەری نەرێنی لە سەر وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | 67.9 | 12.7 | 19.3 |
| .14 | لەمر باخچەی کە مامۆستامر کەشێکی گونجاو هەیە بۆ فێرکردنی وانەی پەروەردەی موزیک. | 37.9 | 17.0 | 45.1 |
| .15 | کارگێری باخچەکەمر گرینگی بە وانەی پەروەردەی موزیکی دەدات، وەک هەموو وانەکانی تر. | 35.9 | 15.4 | 48.7 |
| .16 | لەمر باخچەی کە مامۆستامر پاڵپشتیکردن بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیکی هەیە. | 37.9 | 15.0 | 47.1 |
| .17 | باخچەکەمر هەلی بەشداریکردنمر لەخولی پەروەردەی موزیکی بۆ دەڕەخسێنێت. | 40.2 | 12.7 | 47.1 |
| .18 | بەخێوکاران داوەت نامەکان قبوڵ دەکەن بە ئامادە بونیان لە چالاکی وفیستڤاڵ موزیکیەکان کە لە باخچەی ساوایان ئەنجامر دەدرێت. | 33.3 | 16.6 | 50.0 |
| .19 | شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی پێداویستیەکانی پەروەردەی موزیکی هەیە لە باخچەی ساوایان . | 37.9 | 15.0 | 47.1 |
| .20 | لە خشتەی وانەوتنەوەی باخچەی ساوایان، وانەی پەروەردەی موزیک دەدرێت بە مامۆستایانی بەساڵا چوو و نەخۆش. | 48.4 | 18.3 | 33.3 |

بە تێبینی کردنی خشتەی ژمارە ( ٦ ) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندین هۆکار هەن ( نا پەسەند کردنی ئەمر واقیعەی ئێستای پەروەردەی موزیکی ) شی دەکەنەوە ، کە ڕێژەی سەددی دووبارەکانی مامۆستایانی باخچەی ساوایان ناو شاری هەولێر لە ڕاپرسی – پێوانەکەدا ئاماژەییان پێ داوە ، وەک (ئامێرە موزیکیەکان بە تەواوی دابین نەکراوە بۆ مامۆستایانی پەرورەدەی موزیکی ) و (ژووری تایبەت نیە بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیک ) و (منداڵان لە لایەن خێزانەکانیانەوە هان نادرێن بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی و بەشداری کردنیان ) و (کەمی یان نەبوونی پۆلی تایبەت بە فێر بوونی وانەی پەروەردەی موزیکی ) و (نەبوونی پاڵپشتی دارایی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پەروەردەی موزیکی ) ......هتد .

بە بۆچوونی توێژەر ئەو پرسیار و بڕگەکانی کە زیاتر تایبەتن بە دابین کردنی ماددی و کارگیری - لۆجیستی وانە و بابەتی پەرەروەدەی موزیکی زۆرترین ناپەسەندی مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ناو شاری هەولێری بەرکەوتوو . دواتر سەیرکردنی بابەتی پەرەروەدەی موزیکی وەک بابەت و وناەیەکی لاوەکی و زیاتر تیشک خستنە سەر بابەتەکانی تر ، ئینجا بۆچوونی سلبی باوکان ودایکانی مندالانی ناو باخچەکان سەبارەت بە بابەتی موزیک و پەروەردەی موزیکی .

ئامانجی دووەمر : ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە گوێرەی جیاوازی :

أ- جۆری باخچە ( حکومی و ناحکومی )

بۆ ئەمر مەبەستەش ناوەندە ژمێری (الوسط الحسابي) ولادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري ) بۆ سامپڵی (حکومی و ناحکومی) دۆزییەوە کە (١٦٤ )مامۆستای حکومی ، (١٤٢) مامۆستای نا حکومی بوو ، بڕوانە خشتەی ( ٧ ) .

**خشتەی ٧ )**

**جیاوازی لە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی بە گوێرەی جۆری باخچە ( حکومی و ناحکومی )**

| ڕەگەزی باخچە | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | جیاوازی بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| حکومی | 164 | 80.577 | 12.086 | 4.413 | 3.291 | هەیە لە ئاستی 0.001 و نمرەی سەربەستی 304 |
| ناحکومی | 142 | 88.463 | 10.179 | | | |

له خشتەی (٧) دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمێری سامپڵی مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ناحکومی کە ڕێژەکەی (88.463) بوو بەلادانی پێوانەیی (10.179) بەرزتر و گەورەترە لە ناوەندی ژمارەیی مامۆستایانی باخچەی ساوایان حکومی کە ڕێژەکەی (80.577) بوو ،بەلادانی پێوانەیی (12.086) لە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی.

و بەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە ڕێژەی ( t.test ) ئەژمارکراو (4.413) گەورەترە لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (3.291) لە ئاستی (0.001) و نمرەی سەربەستی (304) . کەواتە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لای مامۆستایانی باخچەی ساوایانی ناحکومی بەرزترە وەک لای مامۆستایانی باخچەی ساوایانی حکومی .

توێژەر ئەم ئەنجامە زیاتر دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پاڵپشتیە دارایی و کارگێریەی کە باخچەکانی ناحکومی بۆیان فەراهەم کراوە ، هەروەها باخچەکانی ساوایانی ناحکومی زیاتر بە پرۆگرامی نوێ ی زانستی و پەرورەدەی موزیکی هاوچەرخ پاڵپشت کراون ، هەروەها دەرچووی بەتوانا و خاوەن ئەزموون دادەمەزرێنن ، بەمەش لەوەیە وا بکات زیاتر ئەم واقع و ریالتیەی پەروەردەی موزیکی پەسەند بکەن .

ئامانجی دووەم : ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان بە گوێرەی جیاوازی :

ب - ساڵانی خزمەتی مامۆستا ( 5 ساڵ و کەمتر – 5 ساڵ زیاتر)

توێژەر ناوەندە ژمێری (الوسط الحسابي) ولادانی پێوانەیی (الانحراف المعياري ) بۆ سامپڵی مامۆستایانی ( 5 ساڵ و کەمتر – 5 ساڵ زیاتر) دۆزییەوە کە ژمارەی مامۆستایانی 5 ساڵ و کەمتر (128)مامۆستا بوو، هەروەها ژمارەی مامۆستایانی خاوەن ساڵانی خزمەتی 5 ساڵ و زیاتر (178) مامۆستا بوو ، بڕوانە خشتەی (٨) .

خشتەی ( ٨ )

جیاوازی لە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی بە گوێرەی ساڵانی خزمەتی مامۆستا ( 5 ساڵ و کەمتر – 5 ساڵ زیاتر)

| خزمەت | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test ئەژمار کراو | t.test خشتەیی | جیاوازی بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 ساڵ وکەمتر | 128 | 86.02 | 11.74 | 3.718 | 3.291 | هەیە لە ئاستی 0.001 و نمرەی سەربەستی 304 |
| 5 ساڵ وزیاتر | 178 | 83.01 | 10.46 | | | |

لە خشتەی ( ٨ ) ی سەرەوە بۆمان بەدەردەکەوێ کە ناوەندی ژمێری سامپڵی ئەو مامۆستایانەی کە خاوەنی خزمەتی ( 5 ساڵ و زیاترن) کە ڕێژەکەی (83.01) بوو ،بەلادانی پێوانەیی (10.46) بچوکتر و نزمترە لە ناوەندی ژمارەیی سامپڵی ئەو مامۆستایانەی کە خاوەنی ساڵانی خزمەتی ( 5 ساڵ و کەمتر) کە ڕێژەکەی (86.02) بوو بە لادانی پێوانەیی (11.74) لە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی.

و بەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە ڕێژەی ( t.test ) ئەژمارکراو (3.718) گەورەترە لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (3.291) لە ئاستی (0.001) و نمرەی سەربەستی (304) . کەواتە ئاستەکانی ڕیالیتی پەروەردەی موزیکی لای مامۆستایانی باخچەی ساوایانی کە خاوەنی ساڵانی خزمەتی ( 5 ساڵ و زیاتر ) ، نزمتر و ناپەسەندترە وەک لای مامۆستایانی باخچەی ساوایانی کە خاوەنی خزمەتی ( 5 ساڵ و کەمتر) .

بە بۆچوونی توێژەر ئەم ئەنجامە لەوەیە بۆ هۆکاری شارەزایی و زیاتر ئەو ساڵانەی خزمەت کردن لە باخچەکانی ساوایان بگەڕێتەوە ، کەوای کردووە ئەم ساڵانەی خزمەت کردن لە باخچەی ساوایان زیاتر تێگەیشتنی هەبیت بۆ واقیعە – ریالیەتیە نزمەی پەروەردەی موزیک , پێداویستی و کێشەکانی پەوەردەی موزیک .

٤ - ٢ – ڕاسپاردەکان :

توێژەر لە ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستی هێناوە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو :

ـ گرنگیدانی زیاتری وەزارتی پەروەردە و بەرێوەبەرایەتی گشتی پەرەوەردەکان بە وانە و بابەتی پەرەوەردەی موزیک لە باخچەکانی ساوایان ، بە ئەنجامدانی سیمینار و ۆرکشۆپی تایبەت بە پەرەوەردەی موزیک .

ـ کردنەوەی خوولی ڕاهێنان و پەرەپێدانی زانستی و پەرەوەردەی بۆ مامۆستایانی پەرەوەدەی موزیک، تا لە ڕێگەی ئەم خوولانە زیاتر مامۆستایانی باخچە - پسپۆری موزیک بە شێوازی نوێ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە بواری موزیکی ئاشنا ببن .

ـ پاڵپشتی کردنی باخچەکانی ساوایان بە دابین کردنی ئامێری موزیکی و تەرخان کردنی هۆڵ بۆ ڕاهێنانی پەرەورەدەی موزیکی .

ـ بەژداریکردنی باوانی مندالانی باخچەی مندالان لە چالاکیەکانی موزیکی و هونەری ناو باخچەکانی مندالان .

٤ – ٣ - پێشنیارەکان :

ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان ، و بەراوورد کردنی لەگەل ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە .

ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کیشەکانی مامۆستایانی پەرەوەردەی موزیک لە باخچەی مندالان .

ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بە دۆزینەوەی پەیوەندی بە ئاستەکانی ( ئابووری – رۆشنیری – خوێندەواری ...... هتد ) باوانی مندالانی باخچەکانی ساوایان

**٥ - سەرچاوەکانی توێژینەوە :**

**٥ – ١ - سەرچاوە کوردییەکان :**

-ئازید ، جەلیل (2016 ) تیۆری موزیک. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر .

-ئاشتی( 2015 ) بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان. چاپخانەی باوکی شەهاب. هەولێر .

-ئەحمەد ، شوان ( 2011 ) نیچە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر .

-ئەنوەر ، ئەسعەد ( 2017 ) پێنوس. چاپخانەی شێرکۆ. سلێمانی

-بۆکانی، سابیر (2020). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی

-بیمار ، عبدولڕەزاق ( 1992 ) کێش ومۆسیقای هەڵبەستی کوردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دار الحریة. بەغداد .

-حەسەن ، ڕەوشت ( 2013 ) ، هونەر تاو ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .

-حەمە بابان ، ئەحمەد علی (2021 ) گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پیش چوونە خوێندنگە. دەزگای چاپ و پەخشی نارین. هەولێر .

-حەمەد ، یوسف عوسمان ( 2011 ) چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک. هەولێر .

-ڕەشید ،نەمام جلال ( 2018 ) بەڵگانامای پرۆگرامەکانی باخچەی ساوایان . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر .

-عوسمان ، نازەنین(2016 ) گوڵبژێرێک لە بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چونە خوێندنگە. دەزگای چاپ و پەخشی نارین. هەولێر .

-عەلی ، خەلیل ( 2014 ) بنەما هونەریەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان، بەڕێوە بەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ، ڕانیە.

-قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( 2014 ) ڕێنیشاندەری باخچەی ساوایان. چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند. سلێمانی .

-کاکەوەیس, مەجید ( 2008) باسیک لە بنەمای پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵگای پێشکەوتوو. هەولێر: چاپخانەی خانی دهۆک .

-محەمد ، سۆلاڤ فایق(2013) ئاسۆی پەرەپێدانی باخچەی ساوایان . چاپی یەکەم ،چاپخانەی چوار چرا. هەولێر.

-مەسیفی ، ئەنوەر( 2000 ) ئاسۆی پەروەردەیی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

-هەورامی ، حەمە کەریم (2008) میژووی پەروەدەو خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی گشتی - کتێبخانە گشتیەکان .

-مصطفى ، أحمد أبوبكر ( 2022 ) ، چالاکیەکانی شانۆی قوتابخانەیی لە خوێندنگا بنەرەتیەکانی شاری هەولێر سلێمانی .

٥ – ٢ - سەرچاوە عەرەبیەکان :

- إبراهيم ، دعاء حسن ( 2017 ) أثر استخدام طريقة كوداي في تعليم الصولفيج اللحني للطفل المبتدئ بالكونسر فاتوار ، اكاديمية الفنون ، القاهرة .

-أبو علام، رجاء محمود ( 2004 ) مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ، دار النشر للجامعات ، الاردن .

-أبودربالة ،رمضان العجيلي ( 2020 ) فلسفة التربية الموسيقية عند كل من جان جاك روسو وجون بستالوتزي ، مجلة كلية الآداب العدد 29 ، طرابلس.

-اردش ، سعد عبدالرحمان ( 1979 ) المخرج في المسرح معاصر ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

- ألياس ، سيمون (2009 ) مشكلات تعليم مادة التربية الموسيقية في الحلقة الأولى من مرحلة التعليم الأساسي من وجهة نظر المعلمين والمديرين والموجهين ، دراسة ميدانية في مدارس المحافظات السورية، رسالة ماجستير غير منشورة - جامعة دمشق/ سوريا.

-باميال ، هاورد( 2004 ) ماهي السينوغرافيا، محمود كامل، المترجمون، وزارة الثقافة -مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي ، القاهرة، مصر .

-بغدادي ،شيرين عبد المعطي ( 2013 ) الموسيقى والمهارات اللغوية للطفل - برنامج لتنمية المهارات ، المكتب الجامعي الحديث ، مصر .

-حداد, رامي( 2016 ) منهجية كوداي لتعليم الغناء ونظريات الموسيقا في رياض الأطفال ومرحلة التعليم الأساسي الأولى، مجلة دراسات ، العلوم الانسانية و الاجتماعية ، المجلد 42 ، الملحق 1 ، عمادة البحث العلمي- الجامعة الأردنية .

- حداد، رامي ( 2015 ) منهجية كوداي لتعليم الغناء ونظريات الموسيقا في رياض الأطفال ومرحلة التعليم الأساسي الأولى، مجلة دراسات، العلوم الإنسانية والاجتماعية ، المجلد 42 ، الجامعة الأردنية .

-الخروبي، أبراهيم ( 2003 ) مدخل للتربية الموسيقى ، جامعة النجاح الوطنية، كلية الفنون ، فلسطين .

-الخوري، سيمون (2015 ) التربية الموسيقية لمعلمي رياض الأطفال وأدواتها، دار الاعصار العلمي للنشر ، الاردن

-الزعبي ، محمد أحمد محمود ( 2013 ) التربية الموسيقية والنشاط الموسيقي- دراسة تحليلية لواقع الموسيقا في الأردن، عمان، الأردن وزارة التربية والتعليم .
-سلمان ، عبدالكريم عطية( 2020 ) دور فرقة الآلات الإيقاعية في تقدير الذات والثقة بالنفس لدى طفل الذاتوية ، مجلة علوم و الفنون و موسقي ، كلية التربية ، المجلد 42، العدد 3 ، جمهورية المصر .
-سليمان ، محمد علي ( 1982 ) ،الموسيقا بين التربية وطرق التدريس ، الطبعة 1 ، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة .
-شرف الدين ، نبيل فضل ( 2012 ) تشخيص وعلاج النشاط الزائد للأطفال من المنظور التربوي التكاملي برياض أطفال مدينة المنصورة ، مجلة بحوث التربية النوعية ، العدد 26 ، المجلد 1 ، بغداد .
-صبري ، عائشة( 1973 ) طريقة تعليم الموسيقي ، الناشر مكتب الانجلو المصرية. المصرية.
-صبري عائشة ( 1988 ) طريقة تعليم الموسيقي، الطبعة الاولى ، الناشر مكتب الانجلو المصرية. المصرية .
-عبد ربه،هبة محمد عبد الحليم ( 2008 ) فعالية برنامج موسيقي مقترح لتنمية بعض سمات الشخصية لدى طفل رياض الأطفال ، مجلة التربية وثقافة الطفل ، عدد خاص ببحوث المؤتمر العلمي الثالث لكلية التربية للطفولة المبكرة جامعة المنيا ، العدد 13 ن الجزء 1، مصر .
-عبدالقادر رانيا مصطفي ( 2017) فاعلية برنامج موسيقي مقترح لتنمية بعض مفاهيم التنشئة السياسية وبعض المفاهيم الموسيقية للطفل المصري ، مجلة علوم وفنون الموسيقى ، المجلد 36، العدد 3 ، مصر
-عبدالهادي ، نبيل ( 2002 ) الفن والموسقى والدراما في تربية الطفل، دار صفاء للنشر والتوزيع. عمان .
-العمري ،سواده( 2017 ) دور و أهمية التربية الموسيقية في بناء شخصية المتعلم (دراسة بين النظري والواقع من وجهة نظر معلمي المدرسة الابتدائية الجزائرية ، المجلة الجزائرية التربية والصحة النفسية ، المجلد 1 ، العدد 11 ، ص 8-24 .
-غيثان، منال عبدالله (2019 ) واقع القيادة التشاركية لدى قائدات المدارس الثانوية الخاصة بمحافظة خميس مشيط ، مجلة كلية التربية، المجلد 35، العدد 5، ج. 2 ، ص ص. 417-445، جامعة أسيوط ، مصر .
-فودة ، مها عبدالعظيم ( ٢٠٢١ )، واقع الابداع لدي مديري مدارس التعليم العام الحكومية في محافظة دمياط سودان: مجلة البحث في التربية و علم النفس ، العدد 36 ، المجلد 3 ، جامعة المنيا ،مصر .
-قدوري ، حسين مهدي ( 1987 ) . الموسوعة الموسيقية ، دار ثقافة الأطفال ، وزارة الثقافة والإعلام ، بغداد .
-القصابى ، خليفة بن أحمد بن حميد( 2020 ) تحليل الفقرات في بناء المقياس النفسي الصدق الظاهري صدق الفقرات الصدق العاملي. سلطنة عمان: جامعة نزورى .
-موسى ، حسن بابكر ( 2011 ) التربية الموسيقية في تنمية قدرات الطفل ، جامعة السودان العلوم و التكنولوجيا .
-النجار ،حسين فوزي( 1987 ) رفاعة الطهطاوي رائد فكر وإمام نهضة، الطبعة الاولى ، الهيئة المصرية العامة للكتاب. نسيم ، سحر توفيق و محمد ، جيهان لطفي ( 2016) الألعاب التربوية لطفل الروضة ، دار المسيرة للنشر والتوزيع. عمان
-نمير، وفاء عبدالسلام محمد وأخرون ( 2017 ) دليل المعلم التربيةالموسيقية. مركز تطوير المناهج والمواد التعليمية ، وزارة التربية والتعليم ، القاهرة .

پاشکۆی ژمارە ١

پێوانەی توێژینەوە بەشێوەی سەرەتایی

زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر

کۆلێژی هونەرە جوانەکان / بەشی موزیک

خوێندنی باڵا / ماستەر                    ڕاپرسی وەرگرتنی ڕای شارەزایان

مامۆستای بەڕێز ...... سڵاو و ڕێز .....

بە ناونیشانی (ڕیالیەتی پەروەردەی موزیک لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی ساوایان ) توێژەر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک، ولەبەر نەبوونی پێوانەیکی ستاندەری زانستی، وبەسوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و پێوانەکانیان، توێژەر بە شێوەیکی سەرەتایی ئەم پێوانەی ئامادە کردووە. و لەبەر شارەزایی و ئەزمونتان لەو بوارە، داواکارین لە بەڕێزتان گونجاوی و نا گونجاوی برگەکانی ئەم پێوانە یە دەستنیشان بکەن لە پێوانەکردنی ڕیالیەتی پەروەردەی موزیک بۆ زانیاری بەرێزتان وەڵامە هەڵبژاردەکانی برگەکانی ئەم پێوانەیە بریتی یە لە(بەڵی، دڵنیانیم، نەخێر) و نمرەکانیشی (٣،٢،١) نمرەیە.

پێناسەی پەروەردەی موزیک :فەرمانێکە بەرەو خود یان ئەوانی تر، کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنی مرۆڤ بەرەو چێژی هونەری و مەعریفەی موزیکی گشتی بەشێوەیکی ڕاستەوخۆ و بەمەبەست یان ناڕاستەوخۆ و بێ مەبەست ( سلێمان ، ١٩٨٢) .

پێناسەی ( توێژەر) ڕیالیەتی پەروەردەی موزیک:هەموو وردەکاری تایبەت بە توانا وچالاکی و ئەدائی مامۆستا لەچوار چێوەی بڕیاردراوەکانی ماددەی پەرورەدەی موزیک (هونەر ) ، وەک ژمارەی وانە و پەیڕەوەپرۆگرام و چالاکی ناو پۆل و هەموو کێشەکانی تایبەت بە پەروەردەی موزیک.            لەگەڵ ڕێزماندا.............

ناو .............		ناونیشانی زانستی..........

پسپۆڕی............		زانکۆ و کۆلێژ..................

سەرپەرشتیاران

د. علی نجم المشاری		توێژەر

د. سازە حسین ڕەسول		هێمن محمد عبدالله

| ژ | برگەکان | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| | بواری یەکەم: هەبوونی پێداویستیەکان | | | |
| 1 | لەوباخچەیەی تیادا مامۆستام ژمارەیەکی گونجاو لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری هەیە. | | | |
| 2 | لەو باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام پەرتوکی وانەی موزیکی هەیە. | | | |
| 3 | لەو باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام هۆکارەکانی ڕونکردنەوەی وانەی پەروەردەی موزیکی تیادا بەدەستە. | | | |
| 4 | لەو باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام کەشێکی گونجاو هەیە بۆ فێربوونی موزیک. | | | |
| 5 | لەو باخچەیەی کە تیادا مامۆستام پاڵپشتیکردن بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیکی هەیە. | | | |
| 6 | لەو باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام وەڵام دانەوە هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی وانەی پەروەردەی موزیک. | | | |
| 7 | لەو باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام ئامێرە موزیکیەکان بە تەواوی دابینکراون. | | | |
| 8 | لەوباخچەیەی کە تیادا مامۆستام ژووری تایبەت بەفێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | | | |
| 9 | باخچەکەم هەلی بەشداریکردنم لەخولی پەروەردەی موزیکی بۆ دەرە خسێندرێت. | | | |
| 10 | لە باخچەکەم ژووری تایبەت هەیە بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیک. | | | |
| 11 | ئەو ئامرازە هونەریانەی کە لە باخچەکەم داهەن بەسە بۆ چالاکیکردن و کارایی وانەی پەروەردەی موزیک. | | | |
| | بواری دووەم: پاڵپشتیکردنی ویژدانی مامۆستا و منداڵان | | | |
| 12 | کارگێری باخچەکەم گرینگی بە وانەیپەروەردەی موزیکی دەدات، وەک هەموو وانەکانی تر. | | | |
| 13 | باوان ناڕەزایی دەردەبڕن لە خوێندنی وانەی پەروەردەی موزیک و هونەری لە باخچەدا. | | | |
| 14 | چێژ وەردەگرم لە وانەی پەروەردەی موزیکی لە باخچەکەمدا. | | | |
| 15 | بێزارم لە زۆری چالاکیەکان کە لە کارگێری باخچەکەم پێم ئەنجام دەدەن. | | | |
| 16 | دایک و باوکان پێداویستی پەروەردەی موزیکی بۆ منداڵانیان دابین دەکەن. | | | |
| 17 | کارگێری باخچەکەم هانی مامۆستایان و منداڵان دەدات بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ و ڤیستڤاڵەکان. | | | |
| 18 | قوتابیان لە لایەن خێزانەکانیانەوە هان دەدرێن بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی . | | | |
| 19 | کارگێری باخچەکەم گرینگی دەدات بە بەشە وانەی پەروەردەی موزیک بیەگشتی . | | | |
| 20 | پیشەکەی خۆم خۆشدەوێت، وەک مامۆستایەکی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| 21 | باوان داوەت نامەکان قبوڵ دەکەن بە ئامادە بونیان لە چالاکی وڤستیڤاڵە موزیکیەکان. | | | |
| 22 | چاودێری کردن و بەدوا داچوون هەیە لە لایەن بەڕێوە بەری باخچەی مندالان. | | | |
| 23 | بەدوا داچوون هەیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری پەروەردەیی باخچەکان. | | | |
| 24 | منداڵان پێشوازی دەکەن لە ڕاهێنانە موزیکیەکان. | | | |
| 25 | سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری موزیکی سەردانی مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەری دەکات لە باخچەی مندالان. | | | |
| 26 | شوێنی تایبەت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی پێداویستیەکانی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە لە باخچەی ساوایان | | | |
| 27 | لە خشتەدا وانەی پەروەردەی موزیک دەدرێت بە مامۆستایانی بەساڵا چوو و نەخۆش. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | مامۆستای تایبەت هەیە بۆ وانەی پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایان . | 28 |
| | | | نە بوونی لایەنی مادی کاریگەری نەرێنی هەیە لە سەر بابەتی وتنەوەی پەروەردەی موزیکی. | 29 |
| | | | دەستەی وانەوتنەوەی باخچەی ساوایان ، گرینگی نادات بە وانەی پەروەردەی موزیکی. | 30 |
| | | | ئەم مامۆستایە هونەریانەی کە لە چالاکی وفیستیڤالەکان هونەریەکان بە پلەی باش سەرکەوتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، ڕێزیان لێدەگیرێت. | 31 |
| | | | بواری سێیەم: ئامادە باشی پرۆگرامی مامۆستایان | |
| | | | تەنها ئەم پرۆگرامە بەکاردەهێنم کە لە لایەن سەرپەرشتیارانی باخچەی ساوایان ئامادەکراوە بۆ وانەی پەروەردەی موزیکی. | 32 |
| | | | بەشداریکردن لە خولی دەرەکی یارمەتی دەرە بۆ وتنەوەی پەروەردەی موزیکی. | 33 |
| | | | ئەم زانیاریانەی کە پێشتر وەرمگرتووە لە پێش مامۆستایەتیم یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی ببمە مامۆستای موزیک. | 34 |
| | | | ئامرازە تەکنەلۆجیەکانی نوێ بەکار دەهێنم، بۆ فێربوونی وانەی موزیکی. | 35 |
| | | | بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ فێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی بەکار دەهێنم. | 36 |
| | | | گرینگی بە هەموولایەناکانی موزیکی دەدەم وەک ژەنین، مێژوو، چێژ وەرگرتن. | 37 |
| | | | هەڵدەستم بە داڕشتنی پلانی سالانە، مانگانە، ڕۆژانە، بەشێوەیەکی گونجاو بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی. | 38 |
| | | | گرینگی بە منداڵە بەهرەمەندەکان دەدەم، یارمەتیان دەدەم بۆ فێربوونی ئامێری موزیکی. | 39 |
| | | | مندالان ئارەزویان زیاترە لە وانەی پەروەردەی موزیکی، زیاتر لە وانەکانی تر. | 40 |
| | | | مامۆستای پەروەردەی موزیکی بەشداری دەکات لە جوانکردنی باخچەی ساوایان . | 41 |
| | | | وانەی پەروەردەی موزیکی بەکاردێت بۆ فێربوون لە بابەتاکانی تر | 42 |
| | | | مامۆستای پەروەردەی موزیکی باخچەی ساوایان پێویستیان بە خولی ڕاهێنانی بەردەوام هەیە. | 43 |
| | | | زۆری قوتابیان لە پۆلەکان کاریگەری نەرێنی لە سەر وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | 44 |

پاشکۆی ژمارە ٢

شارەزایانی ڕاستگۆی پێوانەی توێژینەوە بە گوێرەی نازناوی زانستی

| ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|
| پ.د .ڕێزان علی ابراهیم | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی ئاداب |
| پ.د . عمر ابراهیم عزیز | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی ئاداب |
| پ.ی .د .دیار محی الدین صادق | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردە |
| پ.ی .د سلوی أحمد أمین | پێوانە و هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| پ.ی .د سیناء احمد علی | دەروونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| پ.ی م.گۆنا قادر | موزیک | زانکۆی سلێمانی |
| د . ئامانج محمود | ڕیگاکانی وانە ووتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردە |
| د . ئەردەلان لەتیف | پیداگۆجی پەروەدە | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| د . جەنگی جلال | موزیک | پەیمانگای هونەرە جوانەکان |
| م . ئامانج غازی شاکر | موزیک | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی هونەرە جوانەکان |
| م .سرود فؤاد | موزیک | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی هونەرە جوانەکان |
| م . چیایی کمال سعدی | موزیک | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی هونەرە جوانەکان |
| م . فەرهاد خالید محمد | ڕیگاکانی وانە ووتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی پەروەردە ی بنەڕەتی |

پاشکۆی ژمارە ٣

پێوانەی توێژینەوە بەشێوەی کۆتایی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلیژی هونەرە جوانەکان - بەشی موزیک - خوێندنی باڵا – ماستەر

مامۆستای بەرێز، سڵاوێکی زانستیانەی گەرم...!

راپرسی بەردەستت بە ئامانجی ئەنجامدانی توێژینەوەیێکی مەیدانییە، داواکارین لە بەڕێزتان بەووردی بڕگەکانی بخوێننەوە، و وەڵامی دروستی بدەیتەوە کە لەگەل بۆچوونی بەرێزتان بگونجێت، واتا ڕاستگۆییانە وەڵام بدەنەوە ئاستی زانستی توێژینەوەکە بەرزتر دەبێتەوە، دڵنیابن وەڵامەکانتان بە نهێنی لای توێژەر دەمێنیتەوە و تەنها بۆ مەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێن . لەگەل ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزمان

توێژەر

هێمن محمد عبد الله

تێبینی / ١ - لە وەڵامدانەوە تەنها هێمای ( √ ) لە ژێر یەکێک لە وەڵامەکان دابنە:

٢ - بۆ هەر برگەیەێک تەنها ( یەک وەڵام ) هەڵبژێرە .

٣ - سەرەتا ئەم زانیاریانە وەڵام بدەرەوە :

| پۆلینی باخچە | | ساڵانی خزمەت | |
|---|---|---|---|
| حکومی | ناحکومی | سال کەمتر 5 | 5 ساڵ زیاتر |

فۆرمی راپرسی

| ژ | برگەکان | وەڵامەکان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | دڵنیانیم | نەخێر |
| 1. | لەم باخچەی کە مامۆستام ژمارەیەکی گونجاو لە مامۆستایانی پەروەردەی هونەری هەیە. | | | |
| 2. | لەم باخچەی ساوایانەی کە من تیادا مامۆستام پەرتوکی وانەی موزیک هەیە. | | | |
| 3. | لەم باخچەی کە مامۆستام هۆکارەکانی ڕونکردنەوە بۆ وانەی پەروەردەیی موزیکی تیادا بەدەرستە. | | | |
| 4. | لەم باخچەی کە مامۆستام کەشێکی گونجاو هەیە بۆ فێرکردنی وانەی پەروەردەی موزیک. | | | |
| 5. | لەم باخچەی تێدا مامۆستام پاڵپشتیکردن بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیکی هەیە. | | | |
| 6. | لەم باخچەی تیادا مامۆستام وەڵامدانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی پەروەردەی موزیک هەیە. | | | |
| 7. | لەم باخچەیەی کە من تیادا مامۆستام ئامێرە موزیکیەکان بە تەواوی دابینکراون. | | | |
| 8. | لەم باخچەی تیادا مامۆستام پۆلی تایبەت بەفێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | | | |
| 9. | باخچەکەم هەلی بەشداریکردنم لە خولی پەروەردەی موزیکی بۆ دەڕەخسێنێت. | | | |
| 10. | لە باخچەکەم ژووری تایبەت هەیە بۆ مامۆستای پەروەردەی موزیک. | | | |
| 11. | کەرستە هونەریەکانی باخچەکەم بەسە بۆ ئەنجامدانی چالاکی و کارایی وانەی پەروەردەی موزیک | | | |
| 12. | کارگێری باخچەکەم گرینگی بە وانەی پەروەردەی موزیکی دەدات، وەک هەموو وانەکانی تر. | | | |
| 13. | دایک و باوکان نارەزایی دەردەبڕن لە خوێندنی وانەی پەروەردەی موزیک و هونەری لە باخچەدا. | | | |
| 14. | چێژ وەردەگرم لە وانەی پەروەردەی موزیکی لە باخچەکەمدا. | | | |
| 15. | بێزارم لە زۆری چالاکیەکان کە لە کارگێری باخچەکەم پێم ئەنجام دەدەن. | | | |
| 16. | دایک و باوکان پێداویستی پەروەردەی موزیکی بۆ منداڵانیان دابین دەکەن. | | | |
| 17. | کارگێری باخچەکەم هانی منداڵان دەدات بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ و فیستڤاڵەکان دا. | | | |
| 18. | منداڵان لە لایەن خێزانەکانیانەوە هان دەدرێن بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی و بەشداری کردنیان. | | | |
| 19. | کارگێری باخچەکەم گرینگی دەدات بە بەشە وانەی پەروەردەی موزیک یبەگشتی . | | | |
| 20. | پیشەکەی خۆم خۆشدەوێت، وەک مامۆستایەکی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| 21. | بەخێوکاران داوەت نامەکان قبوڵ دەکەن بە ئامادە بونیان لە چالاکی وفیستڤاڵ موزیکیەکان کە لە باخچەی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ساوایان ئەنجام دەدرێت. | | | |
| .22 | چاودێری کردن و بەدوا داچوون هەیە لە لایەن بەڕێوە بەری باخچەی ساوایان . | | | |
| .23 | ئایا چاودێریکردن و بەدوا دچوون هەیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری پەروەردەیی باخچەکان. | | | |
| .24 | منداڵان پێشوازی دەکەن لە ڕاهێنانە موزیکیەکان. | | | |
| .25 | سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری موزیکی سەردانی مامۆستای پەروەردەی هونەری دەکات | | | |
| .26 | شوێنی هەڵگرتن و پاراستنی پێداویستیەکانی وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە لە باخچەی ساوایان . | | | |
| .27 | لە خشتەی وانەوتنەوەی باخچەی ساوایان ، وانەی پەروەردەی موزیک دەدرێت بە مامۆستایانی بەساڵا چوو و نەخۆش. | | | |
| .28 | مامۆستای تایبەت هەیە بۆ وانەی پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایان . | | | |
| .29 | نەبوونی پاڵپشتی داریی کاریگەری نەرێنی لە بابەتی وتنەوەی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| .30 | دەستەی وانەوتنەوەی باخچەی ساوایان ، گرینگی نادات بە وانەی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| .31 | ئەو مامۆستا هونەریانەی کە لە چالاکی وڤیستیڤالە هونەریەکان بە پلەی باش سەرکەوتوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، ڕێزیان لێدەگیرێت. | | | |
| .32 | تەنها ئەم پرۆگرامە بەکاردەهێنم کە لە لایەن سەرپەرشتیارانی باخچەی ساوایان ئامادەکراوە بۆ وانەی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| .33 | بەشداریکردن لە خولی دەرەکی یارمەتی دەرە بۆ وتنەوەی پەروەردەی موزیکی. | | | |
| .34 | ئەم زانیاریانەی کە پێشتر وەرمگرتووە لە پێش مامۆستایەتیم یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی ببمە مامۆستای موزیک. | | | |
| .35 | کەرستە تەکنەلۆجیەکانی نوێ بەکار دەهێنم ، بۆ فێربوونی وانەی موزیکی. | | | |
| .36 | بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ فێربوونی وانەی پەروەردەی موزیکی بەکار دەهێنم. | | | |
| .37 | گرینگی بە هەموولایەناکانی موزیکی دەدەم وەک ژەنین، مێژوو، چێژ وەرگرتن. | | | |
| .38 | پلانی سالانە، مانگانە، ڕۆژانە، بەشێوەیەکی گونجاو بۆ بابەتی پەروەردەی موزیکی دا دەڕێژم . | | | |
| .39 | گرینگی بە بەهرەمەندەکان دەدەم ، یارمەتیان دەدەم بۆ فێربوونی ئامێری موزیکی. | | | |
| .40 | منداڵان ئارەزویان زیاترە لە وانەی پەروەردەی موزیکی، زیاتر لە وانەکانی تر. | | | |
| .41 | مامۆستای پەروەردەی موزیکی بەشداری دەکات لە جوانکردنی باخچەی ساوایان . | | | |
| .42 | وانەی پەروەردەی موزیکی بەکاردێت بۆ فێربوون لە بابەتاکانی تر | | | |
| .43 | مامۆستایانی پەروەردەی موزیکی لە باخچەی ساوایان پێویستیان بە خولی ڕاهێنانی بەردەوام هەیە. | | | |
| .44 | زۆری منداڵان لە پۆلەکانی خوێندندا کاریگەری نەرێنی لە سەر وانەی پەروەردەی موزیکی هەیە. | | | |

**واقع التربية الموسيقية لدى معلمات الرياض الاطفال**

**سازه حسين رسول**
قسم الموسيقيا،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين – أربيل
saza.rasul@su.edu.krd

**علي نجم عبدالله**
كلية التربية الاساس – جامعة كركوك
ali.ziayyir@uobasrah.edu.iq

**هيمن محمد عبدالله**
قسم الموسيقيا،كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين – أربيل
Hemnmohammedabdullah@gmail.com

ملخص البحث

استهدف البحث التعرف على واقع التربية الموسيقية لدى معلمات رياض الاطفال في مدينة أربيل و الفروق لنوع الروضة ( الحكومية و غير حكومية ) وسنوات الخدمة للمعلمات ( 5 سنوات و أكثر و5 اقل ) .تكونت عينة البحث من ( 366 ) معلمة ، أعد الباحث المقياس متكونة من ( 3 ) مجال و ( 44 ) فقرة ، وبعد اجراء( الصدق الظاهري و الثبات) ، تم تطبيق المقياس على العينة النهائية للبحث ، استخدام الحقيبة الإحصائية( SPSS) فى الاجراءات ،أظهرت النتائج واقع التربية الموسيقية لدى معلمات الرياض الاطفال بصورة عامة غير مقبولة ، ان واقع التربية الموسيقية لدى معلمات رياض الاطفال غير حكومية مرتفعة و مقبولة أكثر مقارنة لدى معلمات الرياض الاطفال الحكومية ، وأن المعلمات الرياض الاطفال من ذوي سنوات الخدمة ( 5 سنوات و أكثر ) لم يقبلوا واقع التربية الموسيقية مقارنة بمعلمات من ذوي سنوات الخدمة ( 5 سنوات و أقل ) .

**الكلمات الرئيسية** : واقع ، التربية الموسيقية ، معلمات الرياض الاطفال

**The Reality of Musical Education among Kindergarten Teachers**

**Hemin Mohammed Abdullah**
Department of Music,College Of Fine Arts,Salahaddin University-Erbil
Hemnmohammedabdullah@gmail.com

**Ali Najm Abdullah**
College of Basic Education /kerkok University
ali.ziayyir@uobasrah.edu.iq

**Saza Hussen Rasul**
Department of Music,College Of Fine Arts,Salahaddin University-Erbil
saza.rasul@su.edu.krd

**Abstract**

The Research aimed to identify the level of the Reality of Musical Education among Kindergarten Teachers in the city of Erbil in general and to know the differences in the Reality of Musical Education among Kindergarten Teachers according to the type of Kindergarten (Governmental and Non-Governmental) and years of service for Teachers (5 years and more and less). The Research Sample consisted of (366) Teachers in Kindergartens, and. A scale prepared by Researcher in (3) domains and (44) items, after validation and Reality. The scale was applied to the final sample, used the statistical bag (SPSS) in procedures, the results showed that levels of Musical Education Reality among kindergarten Teachers are generally unacceptable, just as the reality of musical education among non-governmental kindergarten teachers is high and acceptable compared to the reality of musical education among government kindergarten teachers, and that kindergarten teachers have years of service (5 years and Most) did not accept the reality of music education compared to kindergarten teachers, children with years of service (5 years and less).

**Keywords**: Reality,   Musical Education, Kindergarten Teachers